زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

**دۆسێی ژمارە ( ٤ )**

## دۆسێی:

# پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک





نووسینی: محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم نۆڤەمبەری ٢٠١٨

**دۆسیێی ژمارە ( 4 )**

## دۆسیێی:

# پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک

**نووسینی: محەمەد هەریری**

**چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: نۆڤەمبەری ٢٠١٨**

# پێشەكی

ئەو دۆسێیە لەسەر ماهیەت وناواخنی پزیشكی پێغەمبەرایەتی و نوێنەری هەرە زەقی لە كوردستان مەلا عەلی كەڵەكە. پزیشكی پێغەمبەرایەتی یان الطب النبوي وەك لەو دۆسێیەی بەر دەستت باسكراوە، تەنها وەهمێكە فەرمودەناسان و ئەهلی حەدیس بە گشتی دروستیان كرد، دەنا هیچ بەڵگەیەك نییە كە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێغەمبەر خۆی بە پزیشك ناساندبێت، ئەوەشی دەگوترێت تەنها درۆ هەڵبەستنێكە بۆ برەودان بە بازرگانی پزیشكی بەناوی پێغەمبەر و پزیشكی پێغەمبەرایەتی!

وەك لەو وتارانە بۆتان ڕوون دەبێتەوە، من زۆر زوو هەستم بە مەترسی ئەو خورافاتە كرد بە ناوی پزیشكی پێغەمبەرایەتی، هەر زووش خەڵكم لێ ئاگادار كردەوە، بەڵام لەبەر زاڵبوونی سۆزی كوێرانەی دینی ونەبوونی ڕێكاری حكومی وهوشیاری تەندروستی، ئەو دیاردەیە پەرەی سەند و دەیان مەلا عەلی لە سەرتاسەری كوردستان دروست بوون، بە ناوی دین خەڵك ڕووتدەكەنەوە. مەلا عەلی كەڵەك دیارترین و زەقترین بازرگانی ئەو بوارەیە بۆیە پێمباشە پێناسەیەكی ناتەقلیدی بكەین.

# پێناسەیەکی مەلا عەلی کەڵەکێ

**ئەو پیاوە چەند تێی ڕادەمینێم کاسبکارێکی زۆر چاك و وریایە، لە هەر بەرنامەیەك داوەت دەکرێت سێ چارەگی وەختی بەرنامە بە سوێند خواردن و قورئان خوێندن، و شان ماچکردن و بەقوربانی چاوە ڕەش و زەردەکانت بم، وبەرگری لە خۆکردن دەکوژێت.. میکانیزمی زۆر سەیر بەکار دەهێنێت بینەرێکی ساویلکەی زۆر دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی وەك:**

**- متمانە بە خۆ بوون لە باسکردنی چارەسەرەکانی، بە جۆرێك پزیشکەکانیش ناوێرن وا متمانەدار قسە بکەن لەگەڵ نەخۆشەکانیان!**

**- ئاسانگیری کردن لە چارەسەرەکانی.**

**- فروفێڵی تەکنیکی وەك بەکارهێنانی ئامێری ختوکەدانی نەخۆش و ڕاتەکانی ئیلکتریکی بێ ئەوەی بە ئاشکرا بیکات!**

**- خۆ بێ فیز نیشاندان [مەلا عەلی زۆر هیچە، هەر هیچ نییە! کوڕە کەرناسم! عەمری مەلا عەلی نەمینێت! دەمووچاوی دەرێی مەکینەی فەلافلییە!]**

**- دانانی مەرجی قورس و کاتی درێژ بۆ چارەسەرەکانی تا لەبەرپرسیارەتی لە ئەنجامی چارەسەرەکانی ڕزگاری بێت.**

**- گۆتنەوەی کە پارە وەر ناگرێت، کەچی کە خۆم لە هەولێر بووم، لێکۆڵینەوەی مەیدانیم بۆی کرد دەرکەوت کە بەشی شێری هەیە لەو دوکانەی کە نەخۆشەکانی بۆ ڕەوانە دەکات.**

**- سەروگوێلاك ماچ کردنی نەخۆشەکە!**

- فریودانی خەڵك و تەڵەکچیەتی کردن، وەك بەو دواییە تەڵەکەچیەتێکی گەورەی مەلا عەلی ئاشکرا بوو!!! ئەویش بەکار هێنانی ئامێری تەزووی کارەبای یاری سێکسی sex toy بۆ ڕاتەکانی نەخۆشەکانی تا بڵێن جنۆکەیان تێدایە!!! یان فرۆشتنەوەی سیدی وکتێبی خۆی و هەنگوین بە دەیان قات گرانتر لە نرخی خۆی!

- خۆ نیشاندان کە گوایە بۆ فەقیر و هەژاران دەیکات، و دەبێت ئەوەی ناوی ناوە نەخۆشخانە لە هەموو جیهان بلاوبێتەوە!

خۆزگە کوردستان نەخۆشخانەکی دەروونی چاکی لێ با، بۆ ئەوەی مەلا عەلی چارەسەر بکەن کە جارێکیان ئیدیعای کرد سەری خوای ماچ کردوە و ماچیشی وەکی شەکرۆکە بووە ! لەوەش سەیرتر دەڵێت ترامپ جنی تێدایە و دەتوانم چارەسەری بکەم بە نەعل لێدان لە بنی پێی!!!

یان دەڵێت دنیا هەمووی بە جنۆکە داگیرکراوە، ترامپ جنی تێدایە و وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکان جن لە جەستەیاندایە!! ئاسمانی سلێمانی بە جن تەنراوە! جن لەگەڵ خودی شەیتان بۆ عێراق و سوریا هاتوون!!!

گوێی لێ بگرن بزانن هیچ میدیایەکی موحتەرەم هەیە شێتێکی وا خوڕافاتچی بێننە ناو خەڵك؟! ئەوە چ شێتخانەیەکە ئەو مەلایە نەخۆشە چارەسەری خەڵکە نەخۆشەکە بکات؟! وادیارە میزی حوشتر مرۆڤ تووشی ئەنفلەوەنزای حوشتر دەکات .

لە بەرنامەیەکی تیڤی کە نەخۆشێکی بۆ هێنا و نەیتوانی بچوکترین چارەسەری بۆ بکات، سەلماندی کە هیچ لەبارە، کە بیانووی بەرۆژوو نەبوونی هێنایەوە، پێشکەشکار گووتی پێشتریش هێناویانە بۆلای تۆ کە بەرەسمی کاتی دەوام و چارەسەر بوە، یانی دەبێت بەرۆژووش بێت ئەو کاتە! کێشەکە ئەوەیە هەموو کەرتەکانی ژیان پڕ لە ئاشوب و کێشەیە، مەلا عەلی کەلەکیش بەشێکە لەو وەزعە گەندەڵە گشتیە.

# پێشەکیەك دەربارەی ئەوەی ناویان ناوە (طب النبوی)

**ئەوەی وای لێکردم کە قسە لەسەر[پزیشکایەتی پێغەمبەر] (طب النبوی) بکەم، ئەوە بوو لە کوردستان بەگشتی وهەولێر بە تایبەتی بازاڕی کەسانێکی نەزان ونەفام بە ناوی (طب النبوی) زۆر گەرم بوە وتا ئەمڕۆش گەرمە لەسەر حیسابی دارایی و تندروستی خەڵکی هەژار وئیمانداری کورد کە ئامادەن لەبەر پاکی ئیمانیان وسادەیی وخۆشەویستیان بۆ ئیسلام وپێغەمبەری ئیسلام ژەهریش بخۆنەوە، ئەگەر گوتیان پێغەمبەر فەرمانی پێداوە.!!**

**ئەو بازرگانانەی ئایین بەوەش نەوەستان کە مونافەسەی دکتۆرە ڕەسمیەکان بکەن، بەڵکو خەلکیشیان هان دەدا نەچن بۆلای دکتۆر، لە ڤیدیۆ ریکلامەکانی ئەم بازرگانانەی ژێر پەردەی [پزیشکایەتی پێغەمبەر]  وچەندین کەسی ترم گوێ لێبوە کە هەندێ لەو بازرگانانە بە نەخۆشەکانی دەڵێ بەو مەرجەی عیلاجت دەکەم نەچیتە لای دکتۆر وهەموو دەرمانەکانی ئەو فڕێ دە!! خۆ وەنەبێ دکتورەکانمان لەوان بە ویژدانتر بن، بەڵام هەر نەبێت ئەوان بە شێوەیەکی زانستی تر خەڵك چارەسەر دەکەن وخاوەن بڕوانامەن، هەرچەندە بەداخەوە زۆربەیان خیانەت لە شەرەفی پیشەکەیان دەکەن، لە ڕێگای هێنانە ژورەوەی چوار چوار وپێنج پێنج نەخۆش وەك مەرومالات بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ کەرامەت ونهینی نەخۆشەکە بکەن، یان لەریگای ساغکردنەوەی دەرمان بەسەر نەخۆشدا بەبێ ئەوەی پێویستی پێی هەبێت وچەندین دیاردەی تری دزێو.**

دیاردەی [پزیشکایەتی پێغەمبەر] کەم کەس دەوێرێ لەسەری بنوسێ لەبەر هەستیاری ئایینی وبەستنەوەی بابەتەکە بە خودی پێغەمبەر، ئێمە نوسەرێکی زۆرمان هەیە کە دەزانن ئەو دیاردەیە شتێکی خراپە خەڵك فریودانە بە ناوی دین، بەڵام زۆربەیان ناوێرن نزیك بنەوە لە لێواری هەر باسێك مۆرکی ئاینی پێ وەبێت، ئینجا با خورافاتێکی ڕووتیش بێت، چونکە تاقەتی سەرئێشەیان نییە. ئەوەشی تاقەتی سەر ئێشەی نەبێت ناتوانێت هیچی پێویست ونوێ پێشکەش بکات ودەست لەسەر زامە هەقیقیەکان دابنێت.

# هەستیاری باسەکە لە کوێدایە؟

ترسی گەورەی ئەو باسە لەوەوەیە دەڵێن ئەو کارە گومان خستنە سەر فەرمودەکانی پێغەمبەرە، من هەرگیز گومان ناخەمە سەر ئەو فەرمودانە، بەڵکو دەڵێم گیان وژیانی خەڵك زۆر لەوە گەورەترە لای خوا موغامەرەی پێ بکەین بە حەدیسێك جا ڕاست بێت یان لاواز بێت، چونکە مەسەلەکە لەڕاستی ولاوازی حەدیسەکە نییە، بەڵکو زیاتر لەوەیە ئایە ئەو چارەسەرە پزیشکیانەی باسکراوە لە فەرمودەکان لە خواوەیە یان لە خودی پێغەمبەر وئەزمونی کەسێتی خۆیی وژینگەکەیەتی کە هیچ پەیوەندی بە وەحیەوە نیە.؟

زانراوە کە بەپێی نەهجی سەلەفی هەر وتەیەك لە پێغەمبەر [د.خ] دەرچێت ئەوە وەحی یە ولە خواوەیە بەپێی لێکدانەوەیان بۆ ئایەتی (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) بەڵام خودی فەرمودەکانی پێغەمبەر [د.خ] دەیسەلمێنن کە وا نیە وئەو حوکمە هەموو قسەکانی بە سیفەتی ئادەمیزادی وکەسی خۆی ناگرێتەوە، بەڵکو تەنها گەیاندنی پەیامەکە دەگرێتەوە، هەر خودی پێغەمبەر [د.خ] دەڵێت: [**فإنما أنا بشر أخطئ وأصيب** ] من مرۆڤم هەڵەش دەکەم وڕاستنش دەکەم] وەك مەسەلەی تەئبیری (موتوربە کردنی) دارخورما کە پێغەمبەر فەرمانی پێکردن بیکەن کاتێ کردیان خورماکە پوچ دەرچوو، بۆیە کە گەڕانەوە لای پێغەمبەر پێیانی وت: منیش مرۆڤم، ئەگەر فەرمانێکم پێکردن لە کاروباری دینتانەوە وەریگرن، چونکە ئەوەی لە خواوە بێت وپێتانی بڵێم ئەوە هەقە، ئەوەشی لە خۆمەوە بێت ئەوە منیش مرۆڤم ڕاست دەکەم وهەڵەش دەکەم) یان وەك لە ڕیوایەتێکی تر هاتوە (ئێوە بە کاروباری دونیای خۆتان زاناترن) انتم اعلم بشؤون دنیاکم!

ئەوەش دەقی ئەو حەدیسەیە کە لە سەحیحی موسلم دا هاتوە: "قدم النبي صلى الله عليه وسلم المدينة، فإذا هم يأبرون النخل يلقحون النخل- فقال: ما تصنعون؟ قالوا: كنا نصنعه. قال لعلكم لو لم تفعلوا كان خيرا. فتركوه، فنفضت، فذكروا ذلك له، فقال: إنما أنا بشر، إذا أمرتكم بشيء من دينكم فخذوا به، وإذا أمرتكم بشيء من رأي فإنما أنا بشر". وشبيه به قول رسول الله صلى الله عليه وسلم: "إنما أنا بشر، فما حدثتكم عن الله فهو حق، وما قلت فيه من قبل نفسي فإنما أنا بشر أخطئ وأصيب."

ئەو فەرمودانە ڕاستە صحيح و ضعيف وموضوع [دروست ولاواز وهەڵبەستراو] یشی تێدایە، من پێموایە جارێ ئەو فەرمودانەی زەعیف ومەوزوعن لادە ئەو لاوە، ئەوەشی دروست وسەحیحە، ڕاستە لەوانەیە لەڕوی سەنەد ومەتنەوە سەحیحن، بەڵام لەڕووی زانستیەوە مەرج نیە هەموویان دروست بن، چونکە لەوانەیە پێغەمبەر [د.خ] قسەیەکی بەشەری گوتبێت لەو کاتەدا نەك وەحی گەیاندبێ.

کەوابوو دەبێت ئەو تیۆرەی سەلەفیەت کە هەموو حەرفێکی پێغەمبەر بە وەحی دادەنێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، چەندین زانای گەورەی ئیسلام لە سەلەفی وغەیرە سەلەفی دانیان بەو ڕاستیە داهێناوە، چاکترە وابڵێین نەك پێغەمبەر تاوانبار بکرێت بە گوتنی چارەسەری پزیشکی یان هەر شتێکی تر کە ئەزموون وزانست ناکاریگەریەتی بسەلمێنن، دوایی پێغەمبەر خۆی دەفەرموێت: (منیش مرۆڤم، ئەگەر فەرمانێکم پێکردن لە کاروباری دینتانەوە وەریگرن، چونکە ئەوەی لە خواوە بێت وپێتانی بڵێم ئەوە هەقە، ئەوەشی لە خۆمەوە بێت ئەوە منیش مرۆڤم ڕاست دەکەم وهەڵەش دەکەم)!!

## پێغەمبەر چارەسەرەکان لە مرۆڤەکانەوە فێربووە نەك وەحی!

ئینجا وەك حەزرەتی عائیشە لەمەر [پزیشکایەتی پێغەمبەر] دەڵێت: پرسیاری چارەسەرەکانی کە ئەوەی ناویان ناوە بە [پزیشکایەتی پێغەمبەر] لە وەفد ونێردە عەرەبەکان دەکرد کە دەهاتنە خزمەتی. ئیبن الجوزی لە [صفوة الصفوة] لە هیشامی کوری عەروە دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: عەروە بە عائیشەی دەگوت: دایکە سەرسام نیم بە فیقهت، دەڵێم هاوسەری پێغەمبەر وکچی ئەبوبەکرە، سەرسامیم بە شارەزاییت لە شیعر ومێژووش نایەت، دەڵێم کچی ئەبوبەکرە کە زاناترینی خەڵك بوو، بەڵام سەیرم بە شارەزاییت دێت لە پزیشکایەتی، لەوەڵامدا گوتی: ئەی عەروە، پێغەمبەر لەدوا دواییەکانی تەمەنی [د.خ] بوو، کە وەفدەکانی عەرەب دەهاتن بۆلای چەندین وەسفی چارەسەریان بۆی دەکرد منیش بەکارم دەهینا بۆی"

ذكر ابن الجوزي رحمه الله تعالى في صفوة الصفوة عن هشام بن عروة قال :كان عروة يقول لعائشة رضي الله عنها يا أماه لا أعجب من فقهك، أقول زوجة رسول الله صلى الله عليه وسلم وابنة أبي بكر، ولا أعجب من علمك بالشعر وأيام الناس أقول ابنة أبي بكر وكان من أعلم الناس ولكني أعجب من علمك بالطب. فضربت على منكبه وقالت: أي عروة! إن رسول الله صلى الله عليه وسلم كان في آخر عمره فكانت تقدم عليه وفود العرب من كل وجه فتنعت له الأنعات فكنت أعالجه من ثمّ.

ئەگەر [پزیشکایەتی پێغەمبەر] تۆزقاڵێك هەقیقەتی هەبوایە بۆچی هەر پێغەمبەر خەڵکی نەخۆشی دەناردە لای حارسی کوڕی کیلدە بۆ چارەسەر وەرگرتن، ونەیدەگوت وەرە من بە (طب النبوی) بۆت چارەسەر دەکەم وەك ئەبو داود دەیگێڕێتەوە: "وروى أبو داود رحمه الله تعالى عن سعيد قال: مرضت مرضا فأتاني رسول الله صلى الله عليه وسلم يعودني فوضع يده بين ثدييّ حتى وجدت بردها على فؤادي فقال إنك مفؤود، ائت الحارث بن كلدة أخا ثقيف فإنه يتطبب."

## پێغەمبەر خۆی خەڵكی دەنارده لای پزیشكی بێ باوەڕیش!

ئەو [ الحارث بن كلدة] یەش پزیشكێك بوو هێشتا موسڵمانیش نەبوو، فێری پزیشكیش ببوو لە وڵاتی فارس، ئەگەر پێغەمبەر ئەو هەموو چارەسەرەی لا بایە كە لە كتێبەكانی (طب النبوی) باسی لێوه دەكرێت پێویستی نەدەكرد بینێرێتە لای كەسێكی تر كە موسڵمانیش نەبوە!! ابن عبد البر القرطبي لە كۆمێنێكدا دەربارەی ئەو ڕوداوە دەڵێت: (فدلّ ذلك على أنه جائز أن يُشاوَر أهل الكفر في الطب). [دەردەكەوێت كەوا جایزە ڕاوێژ بە كافران بكرێت لە پزیشكایەتی]

ئەوەی لەسەردەمی پێغەمبەر [د.خ] لە چارەسەرەكان باوبوو هەر ئەوەی بەخەڵك دەگووت، زۆر جار هەبوو سودی دەگەیاند جاریش هەبوو زیانی گەورەی دەگەیاند! بۆ نمونە هەر جارێكیان خودی پێغەمبەر لە چارەسەركردنی سەحابەیەك بە داغ كردن لە ژێر دەستی مرد و زۆریشی پێ ناخۆش بوو، گوتی ئێستا جولەكە دەیكەنە هەرا ودەڵێن نەیتوانی هاوەڵی خۆی ڕزگار بكات، من هیچم نە بۆ خۆم ونە بۆ ئەو پێناكرێ!

ئەوە پێغەمبەرە وادەڵێ، مەلایەكانی بازرگان بە (طب النبوی) وا قسە دەكەن هەزار دكتۆری خاوەن شەهادە وعیلم بە سەپانی خۆیان نازانن، جاروبار ئیدیعای واگەورەش دەكەن كە هێشتا كەس نەیگەیشتۆتێ وەك ئیدیعای عبالمجیدی زیندانی بە چارەسەركردنی ئایدز!!! كە دوایێ درۆیەكی ڕووت دەرچوو!! ئەوە تەواوی ڕوداوەكەیە:

وعن محمد بن عبد الرحمن بن أسعد بن زرارة قال: حدثني عمي أن أبا أمامة أصابه وجع يسميه أهل المدينة: الذبح،فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم:

"لأبلين - أو لأبلغن - في أبي أمامة عذراً". قال: فكواه بيده فمات، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم: "ميتة سوء لليهود تقول: ألا دفع عن صاحبه ولا أملك له ولا لنفسي من الله شيئاً". رواه الطبراني ورجاله ثقات.

بۆیە دەڵێم ئەو چارەسەرانە لە وەحی نییە، لەوە دەچێت ئەو ڕوداوە کاریگەری خۆی لەسەر خودی پێغەمبەر [د.خ] بەجێ هێشتبێت، بۆیە لە چەندین ڕیوایەتی تر نەهی دەکات لە بەکارهێنانی کەوی یان داغ کردن یان خەڵکەکە سەرپشك دەکات لە کردن ونەکردنی.

"....أو كية تصيب ألماً،وأنا أكره الكي لا أحبه". رواه أحمد وأبو يعلى والطبراني في الكبير والأوسط

# پێغەمبەر پزیشك نەبوو....

قسەکردن لەسەر ئەو بوارە وئاگادارکردنەوەی خەڵك، بە پێچەوانەی ڕای سەختگیرەکان، سودی زیاتر هەیە بۆ ئیسلام لە جیاتی ئەوەی گومان بخرێتە خودی پێغەمبەر وپەیامەکەی، چاکترە بڵێین پێغەمبەر [د.خ] دکتۆری باوەڕ ودڵەکان بوە، نەك مونافەسەی زانستی پزیشکی پێ بکەین وهەر ڕەشکە وهەنگوێن بۆ چارەسەری سیل وسەرەتان وئایدز وکێشەی دەروونی وهەموو شتی تر تەوسیف کەین!

ئەوە کاری میللەتە دواکەوتوەکانە لە جیاتی مانوو بوون وسەبری ئەزموون وتاقیگە وتوێژینەوەی نیشانەکان وجارەسەر دەستنیشان کردن، ئەو هەموو نەخۆشیانە وچارەسەرەکەی کورت دەکاتەوە لە ڕەشکە وهەنگوێن وداغ کردن وحیجامە وهتد...

# کاردانەوە خراپەکان گەر توبی نەبەوی ڕاست دەرنەچووّ؟!

کاردانەوەکان لەوانەیە زۆر نێگەتیڤ بن لە دژی ئیسلام و خودی پێغەمبەر ئەگەر ئەنجامەکان خەراپ بوون، ئەوەتە زەهەبی لە (سیر أعلام النبلاء) لە فەرمودەناسێکی گەورە قسەیەك دەگێڕێتەوە بە ناوی (صالح بن محمد بن أبي الأشرس، أحد مشاهير المحدِّثين) کە نەخۆش کەوتوە و هەوڵی داوە خۆی چارەسەر بکات بە ڕەشکە وهەنگوین کە لە فەرمودەکان هاتوە وستایشی لەرادەبەدەر کراوە، کەچی دەرد وتای خراپتر بووە، هاوەڵەکانی چونە لای لەبەر تا وگەرم بوونی جەستەی دەلەرزی ودەیگوت: باوکم بەقوربانت بێ پێغەمبەر، چەندە نەشارەزا بوویت لە پزیشکی!!! "بأبي أنت يا رسول الله، ما كان أقلَّ بصرك بالطب".

زەهەبی دەڵێت: "ئەو جۆرە گاڵتەیە شیاو نییە لەگەڵ سەرداری خەڵك، بەڵکو پێغەمبەر [د.خ] زاناترین کەس بوو لە پزیشکایەتی پێغەمبەری!!" بە زۆرە؟! "هذا مزاح لا يجوز مع سيد الخلق، بل كان رسول الله (ص) أعلم الناس بالطب النبوي" بەڕای ئێمە ئەوە گاڵتە نەبوە، بەڵکو شۆك وسەدمەی واقیعی ئەو موحەدیسە گەورەیە بوە، کە چۆن بە یەقینیەتێکی قوڵەوە باسی ڕەشکە وهەنگوێن دەکەن بۆ خەڵك، وەك چارەسەرێکی سیحری باسی دەکەن، کەچی لە واقیع وڕاستیدا وانیە، ئەگەر چارەسەریش بێت چارەسەری هەموو دەردێك نییە بە ڕەهایی.

ڕاستە هەنگوین لە قورئاندا هاتوە ( خرج من بطونها شرابٌ مختلفٌ ألوانه فيه شفاء للناس) دکتۆرێکی موسڵمان وەك الرازي دەڵێت: "خوای گەورە نەیوتوە شیفایە بۆ هەموو خەڵك وبۆ هەموو دەردێك لە هەموو حاڵەتێکدا"

ئەوە کەسێکی موحەدیس ودیندار وزانا وابلێت لە کاردانەوەی بەرامبەر کاریگەری چارەسەرێك بە ناوی پێغەمبەر بۆی وەسف کراوە، ئەی خەڵکێکی " نازانا بە دین ونەشارەزا یان [عەوام] بە قەولی برادەران چی دەڵێت کاتێ چارەسەرێکی بۆ دەکرێت بە ناوی پزیشکایەتی پێغەمبەری وسەرکەوتوو نابێت؟!! کەوابوو چاکترە بڵێین ئەو چارەسەرانە لە وەحیەوە نیە، وئەگەریش مومارەسە بکرێت کەسانێك مومارەسەی بکەن بە شێوەیەکی ئەکادیمی خوێندنیان تەواو کردبێت، نەك هەر نەزانێکی فاشیل لە بێکاریدا ببێتە ابن سینا بەسەر خەڵك.

# توبی نەبەوی یان توبی ئادەمی؟!

ئەوەی زیاتر ئادەمیەتی ئەو چارەسەرانە دەسەلمێنێت ئەو فرەیییەیە لە ڕێنماییەكانی پێغەمبەر بۆ نموونە لە بارەی پەتاوە، چەندین بیروڕا لە حەدیسەكاندا هاتوە دەگاتە حەدی ناسازی و هەڤدژی وتەناقوزات لە وانەشە ناسازی نەبێت بەڵكو ڕاست كردنەوەی بیروڕای بێت پاش ئەوەی بە تاقیكردنەوە هەڵەی ڕای یەكەمی بۆ سەلمێندرابێت: وەك بۆ نمونە لەو حەدیسەی البخاري ومسلم دا هاتوە: لا عدوى ولا صفر ولا هامة . فقال أعرابي : يا رسول الله فما بال الإبل تكون في الرمل كأنها الظباء فيجيء البعير الأجرب فيدخل فيها فيجربها كلها ؟ قال : فمن أعْدَى الأول ؟

واتە كە پێغەمبەر گوتی پەتا نییە، ئەو ئەعرابیە گوتی: ئەی بۆچی وشترەكانم بێ خەوشن هەتا وشترێكی گەڕ [گوڕی] دەچێتە ناویان وهەموویان گەڕ دەكات، ئەویش پێی وت: ئەی كێ وشتری یەكەمی توشی ئەو پەتایە كرد؟!" لەو حەدیسە دیارە كە مەبەستی لە نەفی كردنی پەتا هەموو نەخۆشیەكە هەتا نەخۆشیە پەتاییەكان، دەنا بەو شێوەیە وەڵامی ئەو ئەعرابیەی نەئەدایەوە، ودەیتوانی بڵێت مەبەستم هەموو نەخۆشیەك نیە، بەڵكو پرسیارەكەی ئەوەیە: ئەی كێ یەكەم وشتری گەڕ كرد؟ بێگومان ئەوەش تەنها دوپات كردنەوەیە لەسەر توانا و قەدەری خوا كە هیچ لە یاسا سروشتیەكە ناگۆڕێت كە هەر كردەی خوایە.

هەر لە حەدیسێكی تر دەڵێت:" وعن جابر ان النبى: صلى الله عليه وسلم اكل مع المجذوم ، وقال له : كل ثقة بالله ، وتوكلا عليه" اخرجه الترمذى

**کەچی پێغەمبەر (د.خ) لە حەدیسێکیدا دەردەکەوێت حیسابی بۆ پەتا کردبێت بۆیە کاتێ وەفدی (ثقیف) هاتن بۆ موبایەعەتی پێغەمبەر (د.خ) پیاوێکی نەخۆشییان لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر خەبەری بۆ نارد کە خۆی نەیەت وبا بگەڕێتەوە وموبایەعەی تۆمان قبوڵ کرد.** ( ثم لما جاء وفد ثقيف لمبايعة النبي، كَانَ فِيهم رَجَلٌ مَجْذُومٌ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ النَبيَ: "إِنَا قَدْ بَايَعْنَاكَ فَارْجِعْ".**ئەوەش بەڵگەیە لەسەر دان هێنانی پێغەمبەر بە کاریگەری پەتا وترسی لە گرتنەوەی پەتاکە. هەروەها فەرمویەتی** "لإ يَورِد ممرض على مَصح، ولإ يَورد مصح على ممرض" رواه مسلم. **واتە نەخۆش نەچێت بەسەر ساغەوە وساغیش نەچێت بەسەر نەخۆشەوە.**

# ئیبن خەلدون دەڵێ پزیشکایەتی بەناو نەبەوی لە وەحیەوە نییە!

ئیبن خەلدون لـە مقدمە دا دەڵێت: "إن الطب المنقول في الشرعيات ليس من الوحي في شيء، وإنما هو امر كان عادياً للعرب ووقع في ذكر احوال النبي صلى الله عليه وسلم، لا من جهه ان ذلك مشروع على ذلك النحو من العمل به.. فإنه صلى الله عليه وسلم إنما بعث ليعلمنا الشرائع، ولم يبعث ليعلمنا الطب ولا غيره من العاديات. وقد وقع له في شان تلقيح النخل ما وقع، فقال: (انتم اعلم بامور دنياكم )، فلا ينبغي ان يحمل شيء في الطب الذي ورد في الاحاديث النبويه المنقوله على انه مشروع، فليس هناك ما يدل عليه، اللهم إلا إذا استعمل على جهة التبرك".

**واتە [ئەو پزیشکایەتیەی کە باسی کراوە لە کتێبەکانی شرعدا هیچ پەیوەندیەکی بە وەحیەوە نیە، بەڵکو کارێکی ئاسایی ناو عەرەبەکان بوو وباسی پێغەمبەریش هاتۆتە ناو باسەکە لە هەندێك حاڵەتدا، نەك بە واتای دەبێت بەو شێوەیە کاری پێبکەیت جونکە شەرعیە، چونکە پیغەمبەر د.خ ڕەوانەکراوە بۆ فێرکردنمان بە شەرع نەك بۆ فێرکردنی پزیشکی وکاروباری تر. ئەوەش لە بارەی موتەربەکردنی دارخورما ڕوویدا ڕویدا [وەك باسمان کرد لەسەرەوە] کە گوتی: ئیوە شارەزاترن بە کاروباری دنیاتان. نابێت هیچ لەو پزیشکایەتیەی کە لە حەدیسەکاندا هاتوە بە شەرعی بزانین، ونکە هیچ بەڵگەی لەسەردا نیە، تەنها لە بابی تەبەڕوك وموتفەرکەوە بەکاری بهینن!!!] ئەوە قسەی گەورەترین عەقڵیەتی ئیسلامیە لەسەر پزیشکایەتی پێغەمبەر.**

**لەندەن**

**٢٠١٣/١٠/١٨**

## لە بەرەکاتەکانی مەلا عەلی وەسفەیەك بۆ مەرگ!!

قەد بە بیرم دانەدەهات، ڕۆژێك لە ناو ئەو هەموو بابەتە گرنگانەی لە دەوروبەرمان کە ڕوو دەدەن، لەسەر مەلایەك بنوسم کە بەلای زۆر کەس، لە ئاستی جیا جیاشەوە پیاوێکی خواییە ویارمەتی خەڵك دەدات ودەردەکانیان تیمار دەکات. ئەوەی زیاتر کاری کردۆتە سەر خەڵك، لە کەسایەتی مەلا عەلی ئەو تەوازوعە لە ڕادە بەدەرەیە کە نیشانی دەدات، ئەوەش جۆرێکە لە تەکنیکی خۆستایش کردنی پێچەوانە، دەڵێن ئیمامی غەزالی لە کێبێکیدا دەڵێت:"زۆر کەس لە ڕێگای نواندنی شکست نەفسیەوە دەیەوێت خۆی بەرزکاتەوە" مەلا عەلی کەلەکێ هیچ بۆنە ومووناسەبەیەك نیە نەڵێت:"من کورە کەرناسم...کورە ئەمن چ سەگەکم خوا شیفا دەدات، هتد!" یان مەسەلەی پارە وەرنەگرتنە کە، ئەوەش ڕاست نیە لە زۆر کەسی باوەڕپێکراوم بیستوە کە داوای پارەی کردوە بۆی بخەنە ژێر دۆشەگەکە، یان قازانجی خۆی لەو کاسێت وسیدی ومیدیا پلەیەرانە وەردەگریت کە خۆی دەیفرۆشێت...

من هەقم لەوە نیە خەڵکی تا چ ڕادەیەك بڕوای بە چارەسەرەکانی مەلا عەلییە، هەرچەندە من بڕوام بەو جۆرە چارەسەرانە نیە، وپێم خورافاتێکی بە دین داپۆشراوە! کە تەنها ڕەواجی لە نێو کۆمەڵگا دواکەوتو ونیمچە دواکەوتوەکان هەیە، هەرچەندە جاروبار کەسانی رۆشنبیریش دەکەونە ژێر کاریگەریان، ئەوەش یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە هانی دام ئەو بابەتە بنوسم. لە کۆمەڵگا دواکەوتو ونیمچە دواکەوتوەکان، هەموو چارەسەریەکان خۆی لە ڕەشکە وهەنگوین وگوێ گرتن لە کاسێتەکانی قورئان، ودوعا دەبینێتەوە. کۆمەڵێك زانای سعودی هەتا ڕەخنەیەکی زۆریان لەو چارەسەرە هەیە کە پێیدەڵێن ( الطب النبوی) چونکە ماقوڵ نیە هەموو نەخۆشیەك بە ڕەشکە وهەنگوین یان هەنگوین وڕەشکە عیلاج بکرێت! وڕەشکە ببێتە چارەسەری هەموو دەردێك جگە لە مەرگ!

**توێژینە نوێیەکان سەلماندویانە، کە ڕەشکە هیچ توخمێکی سروشتی فەوقە لعادەی تێدانیە، بەڵکو وەك هەر توخمێکی تری سروشتی، تا ڕادەیەك سودی تێدایە ،بۆ بە هێز کردنی سیستمی مەناعەت لە لەشدا، بەڵام زۆر لە ڕووەکەکانی سروشت بە قەد ڕەشکە سودیان تێدایە یان زیاتریش! وهیچ حەدیسێکیشیان بۆ هەڵنەبەستراوە. وادیارە ئەوەی ئەو حەدیسانەی لەسەر ڕەشکە دانراوە، لە ژێر کاریگەری ژیار ومیللەتانی تر دانراوە، چونکە ڕەشکە لە ژیاری یۆنانی وڕۆمانیش، وەك چارەسەر بەکار هاتوە، ومێژویەکی کۆنتریشی هەیە لە بەکارهێنانی وەك دەرمان.**

**یانی ڕەشکە بە بۆنەی حەدیسی پێغەمبەرەوە، بە خەڵك نەناسراوە، بەڵکو لەو باوەڕە داین کە لە ڕێگای حەدیسەوە وەك ئامرازێکی میدیای کۆن بە ئومەتی ئیسلامدا ناسراوە.**

**ئەوەی لە هەموان زیاتر هانی دام، ئەو وتارە لە بارەی مەلا عەلی بنوسم، بەو زوانە کەسێکی نزیکم، کە ئەویش کەوتبوە ژێر کاریگەری ئەو پڕوپاگەندە خۆڕاییەی، کە خەڵکێکی سادە وساویلکە (جاروبار زاناش) بە نیەتێکی پاك بۆ مەلا عەلی دەیکەن! چوبوە لای مەلا عەلی بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، ئەویش بۆ ئەوەی بلیمەتی وجیاوازی خۆی بسەلمێنێت، لە جیاتی عیلاجە باوەکەی ڕەشکە وهەنگوین یان هەنگوین وڕەشکە!! وەسفەیەکی تری عیلاجی بۆ دانابوو، بریتی بوو لە خواردنی دوو هێلکەی دەلەمە بۆ ماوەی چل ویەك ڕۆژ!! واتە 82 هێلکە ونزیکەی سێ تەبەق هێلکە؟! ئەگەر هەر هێلکەیەك 250 بۆ 300 ملیگرام کۆلسترۆڵی تێدا بێت، یانی 20500 بیست هەزار وپێنج سەد یان 24600 میلیگرام کۆلسترۆل بۆ کەسێکی پیری سەروی 60 ساڵ بنوسیت؟! بۆ هێلکە؟! بۆ دەلەمە؟! بۆ چل ویەك ڕۆژ؟! وەڵامی ئەو پرسیارانە تەنها لە عەقڵیەتی نازانستی وپڕ خورافاتی مەلا عەلی دەست دەکەوێت!**

كەس هەیە بۆ ئافرەتێكی تەمەن سەروی شێست ساڵەوە، ئەو وەسفەیە بنووسێت، كە پڕاوپڕە لە كۆلیسترۆل، ولەوانەیە نەگاتە ڕۆژی پازدەهەم وجەڵتە لێیبدات؟! دەبێت ئە وەسفەیە مەرگ ئامێزەی، بۆ چەند كەسی تری بەسەزمان وساویلكە نوسیبێت وبوبێتە هۆی كوشتنی؟! ئەگەر حوكمەت وئاسایشیش تەنگی پێ هەڵدەچنن، وقەدەغەی دەكەن لەو ساختە بازییە، ئەوە كەسانێك هێندە بۆی بە پەرۆش دەبن، وادەزانن شەڕی كافر وئیسلام هەڵایساوە!

ئەو كەسەی كە بەبێ هیچ شارەزایەكی زانستی پزیشكی، دەستی داوەتە چارەسەری خەڵك پێویستە سزا بدرێت وئەگەر وازیشی نەهێنا بگیرێت، چونكە حوكمەت بەرپرسارە لە پاراستنی گیانی خەڵك ونا بێت ڕێگا بە كەسانێكی نوقوم بووی ناو وەهم وخەرافات بدات یاری بە چارەنوس وگیانی خەڵكی بكات. خۆزگە ئەو دیاردەیە بنبڕ دەكرا وماموٚستایانی ئاینی بەر لە هەر كەسێكەوە دژایەتی ئەو دیاردە دزێوەیان دەكرد كە ئاین وەك ئامرازێك بەكار دەهێنێت!!

تەمووزی ٢٠٠٨

# پزیشكی پێغەمبەرایەتی لە نێوان وەهم وهەقیقەتدا

## ١

پێش ئەوەی هیچ دەربارەی ماهیەتی ئەوەی پێی دەڵێن پزیشكی پێغەمبەرایەتی بزانین، دەبێت ئەوە بزانین كە بە پلە یەك زادەی كارخانەی ئەهلی حەدیسە (فەرمودەزانان)ە، چونكە هەر كە بە دیار كەوت وەك بابێك لە ئەبوابی فەرمودە بەدیار كەوت. پزیشكی پێغەمبەرایەتی (الطب النبوي) زاراوەیەكی باوە لەلایەن ئیمامە پاشینەكانی ئەهلی حەدیس لە سەدەی چورەمی هیجری، ناوێكە لەو فەرمودانەی پێغەمبەر نراوە كە لەمەر ئەو بابەتە پزیشكیانەوە هاتون، وەك چارەسەریەكان ودەرمان سازی وخۆپاراستن وهتد. یەكەم كتێبیش بەو ناوە (الطب النبوی) لە نوسینی ( ابو عبید بن الحسن الحرانی لە ساڵی 369هـ ) نووسراوە.

كەوابوو ئەو زاراوە لە كتێبە ناودارەكانی حەدیس وەك بوخاری وموسلیم و ئەبوداود وئیبنو ماجە و(الموطأ) ی ئیمام مالیك ناوی نەهاتوە. هەرچەندە باسی چارەسەری بەپێی فەرمودەكانی پێغەمبەر لەو كتێبانە هاتوە، بەڵام وەك گوتمان شوێن كەوتوانی ئەو پێشەوایە فەرمودەزانانە زاراوەكەیان داهێنا، وزیاتر بایەخیان پێدا وتا كردیان بە پیشەیەكی سەربەخۆ دژایەتی خودی پزیشكیەكانی تریان پێدەكرد. ولەو رۆژگارەش كەسانێك هەن داوا لە خەڵك دەكەن واز لە پزیشكایەتی سەردەم بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ پزیشكی پێغەمبەرایەتی!.

جا لەبەر ئەوەی فەرمودەزانان بایەخ بە وردو درشتی ئەو شتانە دەدەن كە لە پێغەمبەر دەرچوە، زۆربەی جاریش بەبێ جیاوازی كردن لە نێوان وەحی ورەفتاری كەسایەتی پێغەمبەر وەك مرۆڤێك، هاتوون ئەوەی لە بارەی چارەسەری پزیشكی پێغەمبەرایەتی هاتوە لە فەرمودەكان، هەمویان لێكردوین بە واجیب وبە وەحی وەك ابن القیم دەڵێت: "طب النبي متیقن قطعی إلهی صادر عن الوحی ومشكاة

النبوة" (پزیشکی پێغەمبەر کارێکی یەقین ویەك لاکەرەوە وخوداییە ولە وەحی وچرای پێغەمبەرایەتی یەوە دەرچووە) ئەوە لە کاتێکدا لەسەر ئاستی فیقهیدا سەدان گفتوگۆی لەسەر دەکرا، وزۆربەی هەرە زۆری فەقیهەکان، بەتایبەتی حەنەفیەکان وشافیعیەکان خۆ چارەسەرکردنیان بە واجیب دەزانی لەلای ئەهلی پیشەی پزیشکی گشتی، وەك بڵێی ئەو مەقولەیەی ابن القیم وزۆر لە فەرمودەزانان ڕەت بکەنەوە، کە ئەو چارەسەرانەی پزیشکی پێغەمبەرایەتی وەحی ئیلاهییە ودەبێت لێی بە یەقین بیت.

ئێستاش خەڵکانێکی زۆری بێ هونەر وبێ ئاگا، لەو شۆڕشە زانستی پزیشکیەی ئەو سەردەمە، ئەوەی پێی دەڵێن پزیشکی پێغەمبەرایەتی یان کردۆتە پیشە، وپارەوپولی خەڵکی ساویلکە وئیمانداارانی پێ دەخۆن، وداوا لە خەڵك دەکەن واز لە پزیشکی ڕۆژئاوایی بێنن، هەشن بە پاڵنەری شوهرەت پەیدا کردن ویان حەماسەت بۆ دینەوە ئەو کارە دەکەن.

لێرەدا پرسیارێك سەر بەرز دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە: ئایە هەر فەرمودەیەك (هەتا ڕاستیش بێت) لە کاروباری گشتی دونیادا، وپزیشکی بە شێوەیەکی تایبەتیدا دەبێتە حوجەت وپێویستە وەك وەحی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت؟ موفتی ود. محمد سلیمان الاشقر کە زانایەکی سەلەفی ویەکێکە لە سەخت گیرەکان، لە لێکۆڵیەنەوەیەکدا بە ناوی (الاحتجاج بالاحادیث النبویة فی المسائل الطبیة) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە وتە وکردەی دونیایی پێغەمبەر تەشریع نیە، ئەو ڕەوانە کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری شەرع بکات، نەك پزیشکی وکاری تری دونیایی، وبۆی هەیە لەو کاروبارانە هەڵە بکات وەك هەر مرۆڤێکی تر، ئەوەش لە پایەی ئەو کەمناکاتەوە. وبۆیە گوتە وکردارەکانی دەربارەی شتی پزیشکی ڕووت، بە حوجەت نایەتە حسێب کردن، ونابێتە واجیب لە پەیڕەوکردنیدا، چونکە لەسەر ئەزموونی شەخسی بنیات نراوە نەك وەحی.

وەك مەسەلەی تەئبیری (موتوربە کردنی) دارخورما کە پێغەمبەر فەرمانی پێکردن نەیکەن کاتێ نویانکرد خورماکە پوچ دەرچوو، هەرچەندە ئەوان لە بەر باوەڕیان بە پێغەمبەر ئەو کارەیان نەکرد، دەنا خۆیان پێشتر کردبوویان، بەڵام لەبەر باوەڕیان نەیانکرد، ئەو باوەڕەش هیچ سودێکی نەبوو لە پێگەیشتنی خورماکانیان چونکە کارێکی دونیایی بو! بۆیە کە گەڕانەوە لای پێغەمبەر پێیانی گووت: منیش مرۆڤم، ئەگەر فەرمانێکم پێکردن لە کاروباری دینتانەوە وەریگرن، چونکە ئەوەی لە خواوە بێت وپێتانی بڵێم ئەوە هەقە، ئەوەشی لە خۆمەوە بێت ئەوە منیش مرۆڤم ڕاست دەکەم وهەڵەش دەکەم)

یان وەك لە ڕیوایەتێکی تر هاتوە (ئێوە بە کاروباری دونیای خۆتان زاناترن). ئەوەش دەقی ئەو حەدیسەیە کە لە صحیحی موسلم دا هاتوە: " "قَدِمَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمَدِينَةَ وَهُمْ يَأْبُرُونَ النَّخْلَ ، يَقُولُونَ يُلَقِّحُونَ النَّخْلَ ، فَقَالَ : ( مَا تَصْنَعُونَ ؟ ) قَالُوا : كُنَّا نَصْنَعُهُ ، قَالَ :( لَعَلَّكُمْ لَوْ لَمْ تَفْعَلُوا كَانَ خَيْرًا ) ، فَتَرَكُوهُ ، فَنَفَضَتْ أَوْ فَنَقَصَتْ ، قَالَ : فَذَكَرُوا ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ : ( إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ ، إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ دِينِكُمْ فَخُذُوا بِهِ ، وَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ رَأْيِي فَإِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ ) قال عكرمة : أو نحو هذا. ( رواه مسلم في " صحيحه " (حديث رقم/2362)، وابن حبان في " صحيحه " (202/1) والطبراني في " المعجم الكبير " (280/4)

وشبيه به قول رسول الله ێلى الله عليه وسلم: "إنما انا بشر، فما حدثتكم عن الله فهو حق، وما قلت فيه من قبل نفسى فإنما انا بشر اخطئ و اصيب." واچاکترە دەقی ئەو قسانە لە فەتواکەی موفتی ود. محمد سليمان الاشقر بخوێننەوە:

**فهذه الأحاديث المذكورة في هذا النوع الثاني، ونحوها من الأحاديث التي تدخل في صلب الأمور الطبية والعلاجية، لا ينبغي أن تؤخذ حجة الطب والعلاج، بل مرجع ذلك إلى أهل الطب، فهم أهل الاختصاص في ذلك .وقد يتبين في شيء من هذه الأحاديث الخطأ من الناحية الطبية الصرفة، وكما قال القاضي عياض: ليست في ذلك محطة ولا نقيصة، لأنها أمور اعتيادية يعرفها من جربها.**

**إنه وإن قلنا في أحاديث هذا النوع الثاني وأمثالها: إنها ليست حجة في الأمور الطبية، فإنه لا ينبغي مع ذلك اطراحها بالكلية، بل ينبغي أن تثير احتمالا بالصحة، كسائر الأقوال الطبية المأثورة عن أهل التجارب والمعرفة من غير أهل الاختصاص، بل هي أولى منها، للشبهة في أنها قد تكون مبنية على الوحي، ولو كانت شبهة ضعيفة، ولا يخفى ماذا حدث في الطاعون المتقدم ذكره من الحكمة البالغة التي يؤيدها الطب الحديث كل التأييد.**

**ولذا أرى أن تخضع للتحليل وللتجارب على الأسس المتعارفة عند أهل الاختصاص. فإن وجدت صالحة أدخلت حيز العمل، ويكون التحليل والتجريب هو الحجة في صلاحيتها، دون كونها مما ورد عن النبي صلى الله عليه وسلم، خاصة وأن الكثير منها لا يثبت من حيث الرواية بطريق القطع أو شبهه على الوجه الذي تقدم بيانه.**

https://archive.islamonline.net/?p=10693

**(ئەو فەرمودانەی کە تایبەتن بە کاروباری پزیشکی وچارەسەرکردن، نا بێت ببێتە بەڵگە وحوجەت لە پزیشکی وچارەسەرکردن، بەڵکو ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەهلی پزیشکی، چونکە ئەوان تایبەتمەندن لەو بوارە، چونکە دەشێت هەڵەی پزیشکە ڕووت لەو فەرمودانە بە دیار بکەون، ئەوەش وەك قازی عەیاز دەفەرموێت عەیب ونەنگی تێدا نیە چونکە کاروبارێکن کەسانێك دەیزانن کە کاریان لەسەر کردوە**

وتاقیان کردبێتەوە وکردبیێتی بە جێگەی بایەخی خۆی، بۆیە دەشێت پێغەمبەر هەڵە وڕاستی تێدا بکات.

هەرچەندە ئەو فەرمودانە نابنە بەڵگەش لە کاروباری پزیشکی، بەڵام نا بێت یەکجاری پشت گوێ بخرێن، چونکە لەوانەیە ڕاستیشیان تێدا بێت وەك هەر گوتەیەکی تری پزیشکی پێشینان، کە لە خەڵکی خاوەن ئەزموون ومەعریفەت هاتوە لە کەسانی نا پسپۆر لەو بوارەدا، بەڵکو فەرمودەکان ئەولاترن لەوانی تر، لەبەر ئەوەی شوبهەی ئەوەی لێدەکرێت لەسەر وەحی بنیات کرابێت، هەرچەندە شوبهەیەکی لاوازە.

بۆیە من وایدەبینم دەبێت ئەو فەرمودانە بخرێنە ژێر تیشکی شیکردنەوە وتاقیکردنەوە لەسەر بنچینە باوەکانی لای تایبەتمەند وپسپۆڕەکان، ئەگەر دەرکەوت چاکن وبەکەڵکن کاریان پێبکرێت، وسودمەندی وحوجەت بوونیشیان لەسەر بنچینەی شیکردنەوە وتاقیکردنەوە دەبن، نەك لەسەر بنچینەی لەلایەن پێغەمبەرەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) هاتنەوە. ئەگەریش دەرکەوت سودیان نیە یان زیانیشیان هەیە، ئەوە هیچ ڕێگرێك نیە لەبەردەم ڕونکردنەوەی ئەو ئەنجامانە بۆ خەڵك تا هیچی تر کاریان پێنەکرێت)

# پزیشکی پێغەمبەرایەتی ٢

هەندێك لەو فەرموودانە لە بواری پزیشکی پێغەمبەرایەتی دا هاتووە، دووبارەکردنەوەی ئەو چارەسەرە پزیشکییە باوانەی ئەو سەردەمە بوون کە ئەو دەقانەی تیادا لە دایك بووە. هەندێکیشیان هەڵەی زانستی زۆر ترسناکیان تێدایە، بەپێی شیکردنەوە و تاقیکردنەوە کە ئەوەش دەبێت خەڵکی لێوە ئاگادار بکرێتەوە، بە هیچ جۆرێك کاری پێ نەکرێت.

هەندێکیشیان چەندین فەرموودەی تێکەڵ وپێکەڵی لەبارەدا هاتووە، دەگەنە سنووری هەڤدژی، بۆ نموونە لەیەك بابەتدا دوو فەرمانی پێچەوانەی یەکتر هاتووە، وەك ئەو فەرموودانەی لەبارەی پەتا [العدوى] دا هاتوون. ئەو شتەش بە تەواوی سەری لە راڤەکەرانی فەرموودە شێواندووە، خۆیان خستۆتە چەندین تەڵەزگە و ئیحراجی بۆ تەوفیق کردن و پینە وپەڕۆکردنی ئەو فەرموودە دژ بە یەکانە. ئەوەش هەردەم پیشەی حەدیسیەکان بووە، لەهەزاری یەکیان زاتی ئەوەی نەکردوە فەرموودەیەك ڕەتکاتەوە، یان بە ڕاشکاوی بڵێت ئەو دوو فەرموودەیە سەد دەرسەد هەڤدژن وهەرگیز ناتوانین و ناکرێت لە نێوانیاندا بگەینە حەلێکی تەوفیقی، یان تەبایی کردن لە نێوانیاندا!

یەك لەو شتانەی کە زیاتر برەوی بەو فەرموودانە دامەنهەجیەتی مەدرەسەی سەلەفیەت و ئەهلی حەدیس بوون، کە حەدیسی یەکانە [الآحاد] یان پێ [قطعي الثبوت] سەلمێنراوی یەکلاکەرەوەن، کەچی لە ڕاستیدا وانیە، ناکرێت حەدیسی ئاحاد، [کە تەنها یەك کەس ڕیوایەتی دەکات یان دوو یان چەند کەسێ] وەك هەقیقەتێکی ڕەها وەربگیرێت، وەك بڵێی لە دەمی پێغەمبەر وەك خۆی نوسرابێتەوە، چونکە گەر وانەکەین ئەوە ئەو هەموو هەڵانەی لە حەدیسی ئاحاد هەن دەدرێنە پاڵ خودی پێغەمبەر!

دکتۆرێکی ئافرەت بە ناوی فرانسیس باك، کە پسپۆرە لە بواری نەخۆشییە نیشتەجێیەکان و خوێن و شێرپەنجە لە زانکۆی وین لە ئەمریکا، لە کۆنگرەی ئیعجازی پزیشکی لە دوبەی ساڵی ٢٠٠٤ دەربارەی لێکۆڵینەوەکانی پزیشکی پێغەمبەرایەتی گووتی:

ئەگەر ئەو کۆنگرەیە دەربارەی ئیعجازی زانستییە لە قورئان وسونە، پێویستە زانیاری هەقیقی هەبێت، چونکە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشکەش دەکرێن، لەسەر بەڵگەی زانستی بنیات نەنراون، لێوان لێون لە زۆرلەخۆکردن و بازدان بەسەر بەسەر هەقیقەت وفاکتە زانستیەکان، یان پشتیان بەستووە بە تیۆرگەلێکی نەسەلمێنراو لە ڕووی زانستییەوە، یان پشتیان بەستووە بە سەرچاوەگەلێکی لاواز و بێ ئەرزش لە ڕووی زانستییەوە کە ناتوانرێ پشتیان پێ ببەسترێت. زۆربەی ئەوانەی لێکۆڵینەوەکانیان لە بارەی پزیشکی پێغەمبەرایەتی پێشکەش دەکەن، نووسراوەکانیان هیچ بەڵگەنامەیەکیان تێدا نییە پاڵپشتی ئەو ئەنجامانە بکات کە پێی گەیشتوون، ناوی یەك سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو ناهێنن کە ڕاستی بیروڕاکانیان بسەلمێنێت، یان پشت بە کتێبگەلێکی وا دەبەستن کە بی ئەرزشن، بۆیە لێکۆڵینەوەکانیان تەنها بریتین لە قسەی بێ سنووری بەرهەڵدا کە هیچ بنەمایەکیان نییە، ئەنجامەکەشی بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ناشایستەی بێ بنەمای وا کە ناتوانێت هیچ عەقڵیەتێکی زانستی قەناعەت پێ بهێنێت."

**ئەوانەش چەند نموونەیەکن لەو فەرموودانەی کە لە بواری پزیشکی پێغەمبەرایەتی دا هاتوون:**

# ڕەشکە و هەنگوین

**وەك لەوەو پێش باسمان کرد دەکرێت ڕەشکە و هەنگوین دوو مادەی چاك بن بۆ تەندروستی مرۆڤ، بەڵام ناکرێت بە شێوەیەکی ڕەها بیکەینە چارەسەری هەموو دەردان وەك لە حەدیسێکدا هاتووە. چونکە نەخۆشی هەیە هەنگوین بۆی خەراپە وەك شەکرە، هەتا لە حەدیسێکیش هاتووە، کە یەکێك براکەی سکی دەچوو دەچێتە لای پێغەمبەر بۆ پرسیاری چارەسەری، پێغەمبەریش پێی دەڵێ با براکەت هەنگوین بخوات. کابراش هەنگوینی دەداتێ و چاك نابێتەوە، بۆ چەند جارێك دەگەڕێتەوە لای پێغەمبەر، کە هەموو جار هەر پێی دەڵی: هەنگوینی بدەرێ! دوایی پاش چەندین جار کابرا دەڵێت: داومەتێ بەڵام چاك نابێتەوە، گوایە پێغەمبەر پێی دەڵێت: خودا ڕاست دەکات و زگی برات درۆی کرد! [صدق الله و کذب بطن اخيك] ماقوله پیغەمبەر بە کابرا بڵیت: زگی برات درۆی کرد؟! زگ درۆ دەکات؟! نەخێر زگ درۆ ناکات بەڵام دەشێ ڕاویەکان وگێڕەڕەوەکان درۆیان کردبێت.**

**ڕەشکەش هەمان شت، بە پێی دەقی حەدیسەکە بێت، ئەوە ڕەشکە دەرمانی هەموو نەخۆشیەك ودەردێکە واتە شێرپەنجە و ئایدزیش! بەڵام ئەزموونی هەزاران کەس و تاقیگەکانیش دەیسەلمێنن کە ڕاست نییە. ڕەشکە دەرمانی هەموو دەردان بێت، چونکە ڕەشکە هیچ توخمێکی خۆراکی یان کیمیایی دەگمەنی وای تێدا نییە، تا بەو شێوە سیحرییە ببێتە دەرمانی هەموو دەردان.**

بەڕاستی بە عەقڵی کەسدا ناچێت پێغەمبەر بەو شێوەیە ڕەهایە بدوێت! ئینجا ئەگەر ڕەشکە دەرمانی هەموو دەرد بێت، بۆ لە فەرموودەیەکیتر شیفای هەموو دەردێکی لە سێ شت زانیوە، کە ڕەشکەیان تێدا نییە، و دەڵێت: چارەسەر لە سێ شت دایە: هەنگوین و کەڵەشاخ و داغکردن. [الشفاء في ثلاثة : شربة عسل و شرطة محجم وكية نار، و انهى امتي عن الكي.]

سەیرە لە کۆتایی حەدیسەکە دەڵێ: داوا لە ئومەتەکەم دەکەم داغکردن بەکار نەهێنن! لەو هەڤدژییە! خۆی دەڵێ چارەسەر لەو سێیەیە، هەر خۆشی دەلی نابێ یەك لەوانە کە داغکردنە بەکار بهێنن! ئینجا ئەگەر چارەسەر هەر لەو سێیانەیە، ئەی بۆ باسی ڕەشکە نەکراوە؟!

٢٠٠٨/٨/١١

## پزیشکی پێغەمبەرایەتی ٣

# خواردنەوەی میزی وشتر

لە حەدیسێکی تری بوخاریدا هاتووە کە کەسانیك تووشی پەتایەك بوون، پێغەمبەر فەرمانی پێکردوون، میزی وشترەکانیان بخۆنەوە. " ان اناسا اجتووا....."

ابن حجر و جمهوری فەقیهەکان تووشی کێشە و ئیشکال هاتوون لەو فەرموودەیەدا، چۆن پێغەمبەر فەرمان بە خواردنەوەی نەجاسەت دەکات؟!

**خورما وسیحر**

لە حەدیسێکی تردا هاتووە کە عەقڵ و مێژوو و ژیاننامەی خودی پێغەمبەر و زانست ڕەتی دەکەنەوە، دەڵێت ئەوەی حەوت دەنك خورمای عەجوەی مەدینەی خوارد لە بەیانیدا، نە ژەهر و نە سیحر کاری لێناکات! " من تصبح....

کەسانێك جوێن باران کران لەبەر ڕەتکردنەوەی ئەو بەناو حەدیسە، گوایە لە وەحییەوە هاتووە وەحیش یانی [وما ينطق عن الهوى] لەخواوە قسە دەکات نەك ئارەزووی خۆی! سەیر لەوەدایە لە ژیینامەی پێغەمبەر هاتووە کە سیحری لێکراوە بە دەستی لبيد بن اعصم هەرچەندە خواردنی ڕۆژانەشی خورمای مەدینە بوو، هەروەها ژەهر خواردووش کراوە بە دەستی ژنێکی جوولەکە! باشە ئەگەر ئەو خورمایە هێندە کاریگەر بێت، بۆ سیحر و ژەهر کاریان لە پێغەمبەر کرد؟!

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەوانەی باوەڕی ڕەهایان بەو حەدیسە هەیە بۆ تاقی ناکەنەوە؟ یەکی پەرداخێك ژەهر نۆش کەن!

# فەرموودەكانی پەتا

له حەدیسێكیتردا ابو هريرة دەگێڕێتەوە: [لا عدوى ولا طيرة و لا هامة ولا صفر]

واته پەتا وڕەشبینی ...نییە. ئەو حەدیسە چەندین شایەتی تری هەیەوەك له ڕیوایەتێكی تری ابو هريرة و ابن عمر دا هاتووە: [ لا عدوى ولا طيرة و الشؤم في ثلاث المرأة و الدار و الدابة]

[واته پەتا وڕەشبینی نییه و بەدبەختی و پێ ڕەشی له سێ شت دایە: ژن و خانوو و ئاژەڵ]

بەو بۆنەیەوە حەزرەتی عائیشه وەك ئافرەتێكی هەمیشه بەرگریكەر له كەرامەت ومافەكانی ئافرەتان، ئەو فەرموودەیەی ڕەتكردۆتەوە، وبۆی ڕاستكردونەتەوە! وەك له چەندین بۆنەدا ڕەخنەی لەو فەرموودانه گرتووە كه بە سەقەتی گێڕدراونەتەوە وەك فەرموودەی[ گوێدرێژ و سەگ وئافرەت نوێژ بەتاڵ دەكەن یان دەبڕن]. حەزرەتی عائیشه كه گوێی لەو حەدیسە بوو له زمانی ئەبو هورەیرەوە، زۆر توڕە بوو و گووتی: [ما قاله، وانما قال: ان اهل الجاهلية كانوا يتطيرون من ذلك] رواه احمد في مسنده...

گووتی: پێغەمبەر وای نەگووتوە، بەڵكو گووتی خەڵكی جاهیلیەت ڕەشبینیان لەو سێ شتە دەكرد! یانی بە هەڵەیەكی بچوكی هونەری، بیروبۆچونێكی جاهیلی كراوەتە بیروبۆچونێكی ئیسلامی!

هەروەها له ڕیوایەتێكی جابردا هارتووە: [لا عدوى و لا طيرة ولا غول]

لە فەرمودەیەکیتری زۆر سەیردا هاتووە [لا عدوى ولا طيرة و لا هامة ولا صفر، وفر من المجذوم كما تفر من الاسد] لەو ڕیوایەتە سەیرە بەشی یەکەمی حەدیسەکە پێچەوانەی بەشی کۆتاییەکەیەتی، بەشی یەکەمی دەڵێت پەتا نییە، کەچی لە بەشی دووەمی فەرمان دەکات بە ڕاکردن لە پەتای المجذوم، وەك چۆن لە شێر ڕادەکەیت لە ترساندا!!

رواه مسلم، كتاب السلام باب اجتناب المجذوم ونحوه.

# حیجامە یان کەڵەشاخ

حیجامەش یان کەڵەشاخ گوایە بریتییە لە دەرهێنانی خوێنی پیس لە لەشی مرۆڤ، زۆر بڵاوبۆتەوە لەو نیوەندانەی کە لە ڕووی پزیشکییەوە دواکەوتوون، یان ئەو نێوەندانەی کە ئەو چارەسەرەیان بە پەردەپۆشکردنی بە ئیمانەوە پێ دەفرۆشن. سەیر لەوەدایە ئەو چارەسەرەش بۆتە دەرمانی هەموو دەردان. ئەگەر وترابا بۆ فشاری خوێن باشە یان بۆ هەر شتێکی تر لەوانەیە عەقڵ ڕێ تێکەوتبا! بەڵام بۆ نموونە حیجامە هەیە بۆ چارەسەری قەبزبوون یان سکچوون، هەیە بۆ چارەسەری زیادکردنی مۆخی ئێسك، حیجامە هەیە بۆ چارەسەری شێرپەنجەی خوێن!!! هەیە بۆ چارەسەری بەرزی شەکرە، چەندین نەخۆشیتر کە لە ژمارە نایەن!

ئەو حیجامەیە سەرتاسەری لەسەر بنچینەی زاراوەیەکی چەوت وچەوێڵ بنیات نراوە کە ئەویش [خوێنی پیسە]الدم الفاسد! ئەوەش تەنها بۆ فریودانی کەسانێکی ساویلکەیە چونکە ئەو خوێنی پیسە سەرەڕای ترسناکی و تۆقاندنی خەلك، هیچ بنچینەیەکی زانستی نییە. چونکە هیچ شتێك نییە بەناوی خوێنی پیس و خوێنی پاك، لە لەشی ئادەمیزاددا!

توێژینەوەیەکی زانستی زۆری پزیشکایەتی نوێ، سەلماندوویانە کە حیجامە نە عیلاجە و نەسوودی هەیە بۆ هیچ شتێك. ئینجا لەبەر مومارەسەکردنی کەڵەشاخ لە ژینگە دواکەوتووەکان و ڕەچاونەکردنی پاك وخاوێنی، بۆتە هۆی گواستنەوەی چەندین نەخۆشی ترسناکی وەك ئایدز و هەوبوونی ڤایرۆسی جەرگی پەتایی وئیتریش.

ئەوە تارادەیەك بە کورتی باسی پزیشکی پێغەمبەرایەتی بوو کە بەداخەوە لە کوردستانیش زۆر باوە، کەسانێك بە ناوی ئایینەوە ئەو کارە بەدزێوترین شێوە لەسەر حیسابی تەندروستی وپارە وژیانی خەڵکەوە دەکەن. ٢٠٠٨/٨/١٨

**لە دوای ئەو زنجیرە وتارە لەسەر پزیشکی پێغەمبەرایەتی، ئەهلی ئەو سنعەتە فشاریان بەرزبووەوە چەندین وەڵامی بێ سەروبەریان بۆ من نووسی، منیش وەڵامی هەندێکیانم دایەوە، زیاتر پەردەم لە ڕووی دزێویان هەڵدایەوە، ئەوانە چەند وەڵامێکی منن بۆ ئەوان:**

## کارەکە لە حیجامە وحیجامەچی گەورەترە

**لە هەفتەی ڕابردوودا دوو وەڵام بۆ نوسینەکانی من نوسرابوون لەمەر مەلا عەلی کەلەك وپزیشکایەتی پێغەمبەر، لەلایەن مەلا عەلی تاهیر هەولێری و زرار بەحرکەیی کە وەك وەکیل ودەمڕاستی مەلا عەلی کەلەکێ خۆی نیشان دەدات. لەو نوسینە وەڵامێکی کورتی ئەو نوسینەی بەڕێز مەلا عەلی تاهیر هەولێری دەدەینەوە کە لە ژمارە (43)ی ستاندەرد 2008/8/25 بڵاوکرایەوە بە ناوی (وەڵامێکی بەڵگەدار بۆ وەهمەکانی محەمەد هەریری) بۆ ڕونکردنەوەی چەند چەمکێك کە لە نوسینەکەیدا هاتوە پێموایە زۆر لە بابەتی حیجامە ترسناکترە.**

**ئەمڕۆ لە نێوەندی نوسینی کوردیدا، سەرنجم داوە زۆربەی وەڵام ووەڵامکاریەکان، بەو ئینشایە دەست پێدەکات، کە تاوانباری ڕەخنە لێگیراوەکە دەکرێت بە نەزانینی هیچ لە بارەی ئەو بابەتەی لەسەری دەنوسی.**

**کاك مەلا عەلی تاهیر هەولێریش هەر بەو ئینشایە سواوە دەستی پێکردوە، کە من هیچ لە بارەی حیجامە نازانم نە دەبا باسم کردبا، ڕاستە لەوانەیە لەبەر ئەوەی خۆی حیجامە چییە ومومارەسەی دەکات، ولەوانەشە لە ڕووی مادییەوەش سودی لێ ببینێت، من بەقەد ئەو لەلایەنە پراکتیکیەی ئەو حیجامە نازانم بەڵام مانای ئەو نییە کە هیچی لە بارەوە نازانم، ئەوەندە بەسە بۆ من وەك لە وتارەکە نوسیبووم "ئەو حیجامەیە سەرتاسەری لەسەر بنچینەی زاراوەیەکی چەوت وچەواشەی (خوێنی پیس) الدم الفاسد بنیات نراوە، ئەوەش تەنها بۆ فریودانی**

کەسانێکی ساویلکەیە، چونکە ئەو زاراوەیە سەرەڕای ترسناکی هیچ بنچینەیەکی زانستیشی نییە، چونکە هیچ شتێك نیە بەناوی (خوێنی پیس) و (خوێنی پاك) لە لەشی ئادەمیزاددا"

کاك مەلا عەلی تاهیر هەولێری بۆ گرنگی دان بە باتەکەی دەڵێت حیجامە گوایە لە ڕادیۆی BBC باسی سەردانی کۆمەڵێك پزیشکی بەریتانی وخانەوادەی شانشینی بەریتانی کردوە بۆ سوریا، بە مەبەستی ئەنجامدانی حیجامە بۆ چارەسەری چەند نەخۆشیەك! یان دەڵێت:"ئێستا حیجامە لە وڵاتانی ئەمریکا وبەریتانیا وروسیا وچین وکۆریا ویابان بۆتە دیاردەیەکی زانستی پزیشکی سەرکەوتوو، وبۆتە مایەی چارەسەرکردنی چەندەها نەخۆشی، بەشایەدی چەندەها پزیشکی بیانی لەوانە: پزیشکی فەرەنسی کانتیل.."

جارێ من سەروبەری ئینتەرنێت گەڕام ئەو هەواڵەی ڕادیۆی BBC م بەرچاو نەکەوت، جگە لەو هەواڵەنەی کە لە چەند رۆژنامەیەکی عەرەبی بە تایبەتی سوری وێنەیان بڵاوکرابویەوە، سەرەڕای رۆژنامەی زەمان نەبێت کە زۆربەیان لە سایتی حیجامەچیەکان نوسرابون وبڵاوکرابوونەوە. هەتا ناوی ئەو دکتۆرە فەرەنسیەش تەنها لە سایتی سەرقافڵەی حیجامەچیەکانی سوریا وجیهان (محمد امین شیخو) هاتبوو! ئینجا بابڵێین ئەو هەواڵەی ڕادیۆی BBC یش ڕاست بێت، ئایا هەر دیاردەیەك ئەگەر ببێتە دیاردەیەکی پزیشکی وزانستی لە رۆژنامە وڕادیۆدا ئەو شەرعیەتە زانستیەی پێدەدرێت یان لە گۆڤارە زانستیە موعتەبەرەکان وسەرچاوە زانستییە باوەڕپێکراوەکان، ئەگەر وەفدێکی پزیشکی بەریتانی سەردانی سوریای کردبێت بۆ فێربوونی نهێنی پڕ لە تەلیسمی حیجامە مانای ئەوەیە ئەو چارەسەرە سەرکەوتو زانستیە؟! ئەخر سوریا خۆی چییە تا خەڵك بێت زانستی لێوە فێر بێت؟!

ئەی بۆچی نەخۆشە سوریەکان وسعودیەکان وخەلیجیەکان بە گشتی لە موقتەدیرەکان هەمووی لە ئەوروپا بە گشتی وبەریتانیا بە تایبەتی عیلاج دەکرێن ئەگەر ئەو حیجامەیە چارەسەری حەفتا دەردان دەکات؟! خەڵکی ئەو وڵاتە خۆرئاواییانە لە نێو توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆژیەکانیان لەمەڕ گروپ وخێڵە سەرەتاییەکان، لە ئەفریقیاش چارەسەریە سەرەتاییەکانیان دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوە وسەرنجدان بەڵکو سودێکی دەبێت بۆ پزیشکایەتی ئەلتەرناتیڤ یان گب البدیل.

بەڕاستی پێم سەیرە کە مەلا هەولێری ناوی ئەو هەموو وڵاتانەی جیهان دەهێنێت گوایە حیجامە تێیدا بۆتە دیاردەیەکی زانستی پزیشکە سەرکەوتوو!! یەعنی هەر مفتەخۆرێك بە ناوی خادیمی پزیشکی پێغەمبەرایەتی هاتوو دوکانێکی لە ئەمریکا وروسیا وژاپۆن کردەوە بۆ حیجامەکردن، دەکرێت بەو ڕەهاییە بڵێین حیجامە لە زانکۆ پزیشکیەکانی ئەو وڵاتانە تەبەنا دەکرێت؟! ئەوە چۆن تێگەیشتنێك وچۆن مەنتقێکە؟!

ئینجا وەك پیشەیەکی هەمیشەیی هەر مەلایەکی سەلەفی دەق پەرستی سەنەد دۆست ونەیار بە مەتن وعەقڵ کاك مەلا عەلی هەولێری ئەسەف دەکێشێت بۆ منێکی موسڵمان کە (رەخنە لە کارێك دەگرێ کە پێغەمبەرەکەی کردویەتی) ئەو وادەزانێ هەرکەسەی گوتی پێغەمبەر وای گوتوە یەکسەر بڵێین ئامین! کاکە گیان من وەك تۆ وشێوازە سەلەفیە سەقەتەکان ناڕوانمە فەرمودەکان چ لە ڕووی سەنەدەوە چ لە ڕووی مەتنەوە، چونکە تۆش دەزانی ئەو حیجامەیە لە بنەڕەتدا داهێنانێکی ئیسلام وپێغەمبەر نەبوە، بەڵکو هەزارەها ساڵ پێش ئیسلام یۆنانیەکان وچینیەکان وژاپۆنیەکان وهەتا میسریە کۆنەکان وئاشوریەکان حیجامەیان کردوە، هەر وەك خۆشت ئاماژەت پێکردوە، ئەی بۆ دەبێت ئەمرۆ بوبێتە سونەتی پێغەمبەر نازانم؟!

**نەك هەر حیجامە بەڵکو ڕەشکە وداغکردن وجن لە جەستە دەرکردن، وچەندین چارەسەری تریش لە بنەڕەتدا داهێنانی پێغەمبەر نەبونە بەڵکو چارەسەرە باوەکانی ئەو سەردەمە بوە، پێغەمبەریش لە چوارچێوەی ئەو سەردەمە ژیاوە هەر ئەو عیلاج وچارەسەریانەی دوبارە کردۆتەوە کە باو بوونە، هەر بۆیەش زانایەکی سەلەفی گەورەی وەك د. محمد سلیمان الاشقر لە فەتواکەی دەڵێت کە بەشێکی زۆرم لێی نەقل کردوە: کە پێویستە ئەو چارەسەریانە بخرێنە ژێر تاقیکردنەوە لە زانستگاکان نەك مزگەوت ودوکانی عەتارەکان.**

**مەلا عەلی تاهیر هەولێری هەڕەشەیەکی سەلەفیانەشمان لێدەکات کە پێویستە وەك موسڵمانێك بڕوا بەو چەند فەرمودەیە بهێنم کە ئەو هێناویەتەوە چونکە "فەرمودەکان سەحیحن...فەرمودەی سەحیحیش گەر موسڵمان بڕوای پێ نەبێ لە بازنەی ئیسلام دەردەچێت"!!**

**وادیارە ئەو برادەرە هەر ئەو بەشەی لەو وتارەکانی منی خوێندۆتەوە کە دەربارەی حیجامە هاتوە، دەنا دەیزانی خوێندنەوەی ئێمە بۆ چەمکی فەرمودەی سەحیح وناسەحیح چیە! ئینجا من مولزەم نیم بەو چەمکە سەلەفیە سەتحیە لە فەرمودەی سەحیح وناسەحیح تێبگەم، هەر لە بەشی یەکەمی وتاری پزیشکایەتی پێغەمبەر دا هاتوە:" لێرەدا پرسیارێك سەر بەرز دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە: ئایە هەر فەرمودەیەك (هەتا ڕاستیش بێت) لە کاروباری گشتی دونیادا، وپزیشکی بە شێوەیەکی تایبەتیدا دەبێتە حوجەت وپێویستە وەك وەحی مامەڵەی لەتەکدا بکرێت؟**

**موفتی ود. محمد سلیمان الاشقر کە زانایەکی سەلەفی ویەکێکە لە سەخت گیرەکان لە لێکۆڵیەنەوەیەکدا بە ناوی (الاحتجاج بالأحاديث النبوية في المسائل الطبية) دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە وتە وکردەی دونیایی پێغەمبەر تەشریع نیە، ئەو ڕەوانە کراوە بۆ ئەوەی خەڵکی فێری شەرع بکات، نەك پزیشکی وکاری تری**

دونیایی، وبۆی هەیە لەو کاروبارانە هەڵە بکات وەك هەر مرۆڤێکی تر، ئەوەش لە پایەی ئەو کەمناکاتەوە، وبۆیە گوتە وکردارەکانی دەربارەی شتی پزیشکی ڕووت بە حوجەت نایەتە حسێب کردن، ونابێتە واجیب لە پەیڕەوکردنیدا، چونکە لەسەر ئەزموونی شەخسی بنیات نراوە نەك وەحی."

ئەگەر ئەوە مەفهومی زانایەکی ناوداری سەلەفی وعەرەب بێت دەبێت بۆ مەلا عەلی تاهیر هەولێری ڕوبەرەکە وا لە من وخەڵك تەسك دەکاتەوە، من ناشیەکی بواری خوێندنەوە نیم تا مەلا عەلی تاهیر هەولێری بە قسە سواوەکانی نامیلکە لوس وپوسەکانی سعودیە وخەلیج ڕازیم بکات، وفێری چۆنیەتی نوسینم بکات. منیش لە وەڵامدا پێت دەڵێم ئەگەر هێندە سوری لەسەر فەرمودەی سەحیح وتا لە بازنەی ئیسلام دەرنەچیت دەبێ باوەڕ بەو فەرمودەیەی سەحیحی بوخاریش بکەیت: ئەوەی بەیانی بە حەوت دەنك خورمای عەجوە خواردن دەست پێبکات، هیچ ژەهر و سحرێك کاری لێ ناکات! (من تصبح بسبع تمرات عجوة لم يضره سم ولا سحر) ، هەروەها بڕوا بەو فەرمودەیە سەحیحەش بکەیت کە دەڵێ: (لا عدوى ولا طيرە و..) یانی بچیتە ناو نەخۆشە پەتاییەکان ونەترسیت لێیانی بگریتەوە!! دەی ئەگەر باوەڕی یەقینیت بەو فەرمودانەیە بە کردار جێبەجێیان کە، بەڵام بەر لەوە لە بیر نەکەیت وەسیەتیش بکەیت. ئەمەو چەندین کارەساتی تر کە بەناوی فەرمودەی سەحیح بەسەرماندا سەپێنراوە.

لە کۆتاییدا مەلا عەلی تاهیر هەولێری ئامۆژگاریەکی ترمان دەکات کە پێویستە "بە بەرچاو ڕوونیەوە دەست بەکار ونوسین بکات وخۆی لە بابەتی هەستیار نەدات، ئەگینا دەخلیسکێ ودەکەوێ"

ئەو بابەتە وهەزارەها یان هەموو بابەتەکان هەستیار وبڤەن، لای کەسانێ کە وەك مەحفوزات، هەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە فێری بوون. ئەوەی ڕازیە بەو تەمەڵییە فیکریە، وحەز ناکات دڵی پاسەوانانی کۆن بشکێنێت، ناوێرێت هیچ بنوسێت لە دەرەوەی ئەو بازنەیەی کە بۆی دیاریکراوە، نەوەك یەکێك تۆمەتێکی بخاتە پاڵ، من ئەگەر لەو تۆمەتانە بترسێم وەك کەسانێکی ڕۆشنبیری ترسنۆك وتەقلیدی دەبێت قەڵەم فڕێ بدەم، وهەر مەحفوزاتەکان دووبارە بکەینەوە، کە زۆربەیان هاودژن لەگەڵ عەقڵ ومەنتیق وفیترەی ساغ وسەلیم وسەرەڕای زانستیش.

# وەڵامێك بۆ مافیاکەی مەلا عەلی کەرەکێ

## بەشی یەکەم

ڕەخنە گرتن لە نێوەندی رۆشنبیری کوردی، کارێکی زۆر سەختە چونکە ئەو نێوەندە ئەزموونێکی زۆر کەم وهەژاری هەیە لە ڕووی ڕەخنەوە، لەوەش هەژارتر نێوەندی ئیسلامی کوردییە، هیچ رۆژێك بە دەگمەنیش نەمان دیت، ئیسلامیەك ڕەخنە لە نوسینێکی ئیسلامی بگرێت، هەرچەندە نوسین وئەدەبیاتی ئیسلامی پڕ هەڵەترین ولاوازترین نوسینی نێوەندی رۆشنبیری کوردییە.

زۆر جار ڕەخنە وەك ئیهانە وسوکایەتی پێکردن دێتە حسێب، وهەندێك جاریش جۆرەها ڕاڤەی بۆ دەکرێت، تا دەگاتە ئەوەی هەموو ئیفرازاتی تیۆری پیلانگێڕی دێتە ناو باسەکەوە، ودواجا دەبیتە نۆکەری بێگانە ودوژمنانی کورد، و کوفری جیهانی ئەگەر باسەکە پەیوەست بوو بە ئایین. نووسەر هەیە زیاتر لە 15 بۆ 20 ساڵە دەنووسێت ودەیەها وسەدەها غەڵەت وکوفری ئەکادیمی نوسیوە، کەچی تا ئێستا کەس نامیلکەیەك یان کتێبێکی تەرخان نەکردوە بۆ ڕەخنە گرتن لەو لایەنانەی کە هەڵەکانی تێیدا زۆر زەقن. من لە زرار بەحرکەیی ناگرم کە بەو شێوەیە جاڕی شەڕی پیرۆزی داوە لە دژی من لەبەر چەند هۆیەك:

• ئەو دەمێکە وەك وتەبێژێکی مەلا عەلی قسە دەکات، ولەپاش نوسینەکەم لەسەر مەلا عەلی لە ژمارە (39)ی ستاندەر, لە ئەرشیفی ڕۆژنامەی ستاندەر چاوم بە نوسینێکی ڕێکلامی بەحرکەیی کەوت کە سەرتاپای مەدح وسەنای مەلا عەلی بوو وڕێکلامێکی وای بۆ دەکات تا ڕادەی داواکردنی کردنەوەی نەخۆشخانەیەك بۆ مەلا عەلی! نوسینەکەش لە ژمارەی (32) بڵاوکرابۆوە بەناوی (مەلا عەلی کەڵەك لە نێوان جادوگەری وپزیشکیدا).

بێگومان زۆر کەس هەن لە دەوروبەری مەلا عەلی ودەست وپێوەندەکانی، سودمەندن لەو خورافاتەی بەناوی دین بەخەڵکی دەفرۆشێت، دوور نیە کاك زرار یش یەکێك بێت لەوانە. زۆر ئاشکرایە بۆ خەڵکێکی زۆر، کە مەلا عەلی وەك چەند دکتۆرێکی بێ ویژدانی هەولێر کە نەخۆشەکانیان بۆ یەك دەرمانگە دەنێرن، ئەویش نەخۆشە بەستەزمانەکانی دەنێرێتە تاقە دوکانێك کە ناوی پێشانگای (باوەڕ) ە ولە تەنیشت مەحکەمەی هەولێرە، وئەدرەسی ئەو دوکانەشی لەسەر ڕاچێتەکەی خۆی نوسیوە (هەر لە ڕای خوا)! ولەوێ خەڵکێکی زۆر بەردەوام لەناوەوە ودەرەوەی دوکانەکەن، لەو دوکانەی مەلا عەلی ودەست وپێوەندەکانی هەنگوین وڕەشکە وخۆراکی شاهانە، نەك بە دوو وسێ قات دەفرۆشن بە خەڵك، بەڵکو بە چل قات وبیست قات وسی قات، واتە زۆر لە دکتۆرەکان بێویژدانترن لەگەڵ نەخۆشەکان. بۆ نموونە شوشەیەك هەنگوینی بازاڕ کە بە 5 – 7 هەزار دینارە، لەو دوکانە بە 45 یان 50 هەزارە، بە پێی باری مادی نەخۆشەکە، وئەو نیشانانەی کە مەلا عەلی لەسەر ڕاچێتەکان دەینوسێ.!

سەیر لەوەدایە بەحرکەیی لە وتارەکانی لەمەر مەلا عەلی، باسی پارە وەرنەگرتنی مەلا عەلی دەکات، یان لەبەر ساویلکەیی یانیش لەبەر بەژداری کردنی لەو ڕاوەڕوتەی مەلا عەلی وباوەڕ، قسەکەی منیش بە حەرفی وەردەگرێت، کە پارەی بۆ خراوەتە ژێر دۆشەگ ودەڵێت ئەو لەسەر کورسی دادەنیشێت!! وادیارە مێشکی وشکە بیرۆی شتێك نازانێت بە ناوی کینایەت؟! خۆ منیش سیدیە موبارەکەکانی مەلا عەلیم دیوە، ودەزانیشم ئەوانەی ڕێکلامیان پێدەکات لە خەڵکە سادە وساویلکە ودەردەدارەکان، ژمارەیەکی زۆریان لێ مردوون لەپاش فڕێدانی دەرمانی دکتۆرەکان ونەخواردنیان بە ئامۆژگاری مەلا عەلی!! ئەگەر هۆشیاری یاسایی هەبوایە لای خەڵك، ئەو پیاوە دەبوایە ئێستا لە زیندان بووایە نەك هەموو ڕۆژێ قوڕ بکاتە سەری 150 – 200 کەسی هەژار وساویلکە.

**• بەحرکەیی هێندە بە پەرۆشە بۆ مەلا عەلی هەتا نکولی لەو ڕوداوەش دەکات کە لەگەڵ ماڵی خۆمدا ڕویداوە، لە وەسفکردنی دوو هێلکە بۆ ماوەی 41 ڕۆژ بۆ دایکێکی پیر، وزۆر بەدرەوشتی دەکات لە وەسفی نیگەرانی بوونی مندا بۆ دایکم ودەڵێت :" کاك محەمەدیش پێی وابوە بەم هێلکانە جەڵتەی لێدەدات، بۆیە دوو هێلکە دەڵەمەکەی بە دەستەوە گرتوە وشینی حەسەن وحوسێنیان پێ دەگێڕێت، ومعاویە ویەزیدیش دەشواتەوە"!! وادیارە مرۆڤ کە کەلـلـەپوت بوو نرخ وپایەی دایکیشی لا دادەبەزێت!**

**دەزانم تۆ وزەعیمی مافیاکەت هیچ خەمی تەندروستی خەڵکتان نیە، تەنها خەمی گیرفانەکانی خۆتانە، نیگەرانی منیش تەنها بۆ دایکم نیە، کە لە دونیادا لە هەموو کەسێك زیاترم خۆش دەوێت، بەڵکو بۆ ئەو 150 ـ200 کەسە ساویلکە وبەستەزمانانەیە کە تۆ باسیان دەکەیت رۆژانە سەردانی دەکەن! دەبێت ئەو وەسفە دۆزەخیانە بۆ چەندیان بنوسێت، وببێتە هۆی مردنی چەندین کەس رۆژانە. هەتا لە هەولێر بووم لە چەندین کەس وکاری ئەوانەی چوبونە لای مەلا عەلی گوێم لێبوو، کە لە ئەنجامی ئامۆژگاری ئەودا دەرمان وچارەسەری پزیشکەکانیان تەرك کردبوو ولە ئەنجامدا مەرگ بەرۆکی گرتبون!**

**ئینجا گوایە مەلا عەلی بە تەلەفۆن پێیگوتوە کە وای نەوتوە، بەڵام الحمد الله دووکەسی تری جحێڵ لەو کاتە ئامادە بوون، ودەڵێن هیچ باسی زەردێنە وسپێنەی نەکردوە وتەنها باسی دوو هێلکەی کردوە، سەیرە مەلا خەت ڕەجعەی بۆ هەموو هەڵەیەك هەیە؟!**

**بەحرکەیی لە پەنای بەرگریکردن لە مەلا عەلی، دەیەوێت بازنەکە فراونتر کات بە ئاماژە کردن بۆ ئەو زنجیرە وتارەی کە بە ناونیشانی (تێڕوانینێك لە بنەما تیۆریەکانی سەلەفیەت) لە گۆڤاری ستاندارد دەیاننوسم وئێستاش هەر بەردەوامە،**

**بۆیە هەر لەسەرەتای وتارەکەی تاوانبارم دەکات بە هێرش بردنە سەر ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیبن تەیمیە!!**

**لەوەلامدا دەڵێم ئەگەر ئەو شتانەی من نوسیوم دەربارەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وئیبن تەیمیە سوکایەتی وهێرش بن، ئەوە من نیم ئەو سوکایەتیانەم داهێنا بێت، ئەو زنجیرە تەکفیر کردنەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بۆ نەیارانی لەسەر دەم ودەستی (عبدالله) ی کوڕی وزاناکانی خەتی حەنبەلیم گواستۆتەوە، من چۆن جورئەت دەکەم لە خۆڕا هێرش وسوکایەتی بەوانە بکەم؟!**

**ئەوە من نیم سوکایەتیم بە حەزرەتی عەلی وئەبو حەنیفە کردوە بەڵکو ئەوە حەنبەلیەکان وئیبن وتەیمیەن لە ناسراوترین کتێبیدا (منهاج السنە) ئەو کارەی کردوە! هەموو سەلەفیەك وغەیری سەلەفیش توشی سەدمە دەبێت، کە ئەو هەموو تەکفیرکردنە لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وشوێن کەوتوانی دەربچێت، هەروەك منیش لەسەرەتادا توشی شۆك هاتم، بەڵام هەیە خوی بە بیروڕای گرتوە ناتوانێت بیگۆڕێت وەك کاك زرار، هەشە ناتوانێت چاو لە ئاست ڕاستیەکان بنوقێنێ.**

**زرار بەحرکەیی پێی سەیرە کە من (700 ساڵ و1200 ساڵ بۆ دواوە گەڕاومەتەوە ویەخەی زاناکان دەگرم لە ناو گۆڕیاندا، واش بزانین کێشەیەکی گەورەت چارەسەر کردوە) جارێ قسەکردن لەسەر هەر یەکێك پەیوەندی بە درێژی وکورتی مێژوەکەی نیە، ڕۆژانە خەڵك لەسەر حەزرەتی محمد وعیسا وموسا وابوبکر وعمر وعوسمان وعەلی ومعاویە قسە دەکەن، من مەبەستم لە قسەکردن لەسەر ئەوانە ئاشکراکردنی ڕەگ وڕیشەی توندڕەوی ئیسلامیە، ولە کوێوە سەرچاوە دەگرێت، ئەو هەموو نا مرۆیی ودڵ ڕەقی وکوشتن بە ئەعسابێکی سارد لە کوێوە سەرچاوە گرتوە؟ ئەو هەموو سوکایەتی کردنە بە نەیار وجیاواز وئەویتر چۆن وا پایەی**

**داکوتاوە لە ناو ئەدەبیاتی دەعوەی ئیسلامی وسەلەفیەت بە شێوەیەکی تایبەتی؟! خەڵکانێکی زۆر بەو چەند وتارە تەواو بە خۆیاندا چونەتەوە و وێنە ڕونتر بۆتەوە لەبەر چاویان، ئەوەشی مێشکی قابیلی گۆڕان نیە با ئاسودە بێت لەناو دۆگماستانەکەی خۆی.**

**بەحرکەیی بە زمانێکی بازاڕی زۆر بێ ئەدەبانە دەربارەی نوسینەکانی من دەڵێت:"بەڵام دەرەنجامەکەی دیارە کە خزمەتێکی زۆر هەرزانە بە بێگانە (دەبێ مەبەستی کام بێگانە بێت؟!) بۆیە ئامۆژگاریم وایە ئەگەر واز لەم تەقینەوە دەرونیە بێڕەزایەت بێنیت، ئەوا موسڵمانان وخۆشت ئاسودەتر دەبن"!!**

**دەزانم کەسانی وەك تۆ دۆگماتیك حەز ناکەن هیچی تریان گوێ لێبێت، لەوەی لە نامیلکە سعودییە پڕ لە خوراڧات وتوند وتیژیەکان فێر بوویت، ئەگەریش ئەو نوسینانە لای تۆی عەبقەری زەمانی خۆت بێڕەزایە، ئەوا کەسانێکی زۆر دەستخۆشی ودوعای خێرمان بۆ دەکەن بۆ روتکردنەوەی جەستەی شێواوی توراس ومێژومان، کە ئەگەر بەدەستی تۆ وئەمسالی تۆ بێت تا ڕۆژی قیامەتیش کەسی لێ ئاگادار نەکرێتەوە، وهەر لە ناو هەنگوین بۆی دەخەون.**

**کاتێ من نوسینەکەم لەسەر مەلا عەلی نوسی، بە هیچ جۆرێك بەحرکەیی ناویشی بەبەرچاوم تێنەپەڕی بوو، وتارەکەم بۆ بەرچاو ڕۆشنی خەڵك، و وەك سوکە ڕەخنەیەك بۆ دۆستێکی نزیکم نوسی، کە ئەویش بە جۆرێك لە جۆرەکان پەلکێشی ناو ئەو بابەتە ببوو، بەڵام وەك پەندە عەرەبیەکە دەڵێت : ( أردت عمراً وأراد الله خارجه ) مەبەستم عەمر بوو کەچی خوا ویستی خاریجە بەرکەوێت.**

**٢٠٠٨/٩/٨ ڕۆژنامەی ستاندەر**

# وەڵامێك بۆ مافیاکەی مەلا عەلی کەرەکێ

## بەشی دووەم

بەحرکەیی وەك پیشەی کۆنی ئەو دەق پەرستانەی، کە پێیان خۆشترە دونیا سەراوژێر بێت ونەڵێن ئەو فەرمودەیە ڕاست نیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو فەرمودەیە لە بوخاری وموسلیمدا هاتبێت. ئێمە خولیاداری ڕەتکردنەوەی فەرمودەکانی پێغەمبەر نین (د.خ) بەڵام لایەنگیری ئەوەش نین بە هەزار پینە وپەڕۆ حەدیسەکان ڕاست کەینەوە، یان بە زۆر لە خۆکردن ڕاڤەیان بۆ بکەین، یان جەمع کەین لە نێوانیان.

بەحرکەیی بۆ ئەو هەمو تەناقوزات وهەڤدژیەی کە لە نێوان فەرمودەکانی (پەتا) هەیە، قسەیەکی ابوبکر الباقلانی دەهێنێت گوایە کاتێ پێغەمبەر دەڵێت (لا عدوی) ئەوە نەفیکردنێکی گشتیە وهەموو نەخۆشیەك ناگرێتەوە! سەیرە ئەوانە بە دەمی پێغەمبەر قسە دەکەن وەك زاهیدە ساویلکەکان کە درۆیان بە دەمی پێغەمبەر دەکرد ودەیان گوت (ئێمە درۆ لەسەر پێغەمبەر ناکەین بەڵکو درۆی بۆ دەکەین) (نحن لا نكذب عليه ، بل نكذب له)!

یان شەرحی نەوەوی لەسەر سەحیحی موسلم دەهێنێتەوە کە دەڵێت ئەهلی جاهیلیەت "وایان دەزانی نەخۆشی بە سروشتی خۆی دەگوازرێتەوە نەك بە ویستی خودا، بۆیە ئەم نەفیە بۆ گواستنەوەیەتی بە سروشتی خۆی" لە هەمووی نوکتەتر عەبقەری زەمان بەحرکەیی لە کۆتاییدا دەڵێت:"لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مەبەستی فەرمودەکە زۆر ڕوون وئاشکرا وزانستیە."!!!

بە نسبەت باقەلانی وتەلبیس ئیبلیسەکەی کە بەحرکەیی بلیمەت زۆر دڵی پێ خۆشە دەڵێین: "بەڵگەی چیە کە مەبەستی لە فەرمودەی لا عدوی هەموو نەخۆشی وپەتایەك ناگرێتەوە؟ ئەی چی دەربارەی ئەو حەدیسە دەڵێن :"

" قال رسول الله (ص) لاعدوی ولاصفر ولاهامه ،فقال أعرابی :یارسول الله :فمابال إبلی تکون فی الرمل کأنها الظباء فیأتی البعیر الأجرب فیدخل بینها فیجربها ؟ ،فقال من أعدی الأول ؟!"

واتە کە پێغەمبەر گوتی پەتا نییە، ئەو ئەعرابیە لە بەحرکەیی وباقەلانی ونەوەوی چاکتر لە قسەکە گەیشت، وگوتی ئەی بۆچی وشترەکانم بێ خەوشن، هەتا وشترێکی [گەڕ] گوڕو دەچێتە ناویان وهەمویان گوڕو دەکات، ئەویش پێی وت: ئەی کێ وشتری یەکەمی توشی ئەو پەتایە کرد؟!" لەو حەدیسە دیارە کە مەبەستی لە نەفی کردنی پەتا هەموو نەخۆشیەکە هەتا نەخۆشیە پەتاییەکان، دەنا بەو شێوەیە وەڵامی ئەو ئەعرابیەی نەئەدایەوە، ودەیتوانی بڵێت مەبەستم هەموو نەخۆشیەك نیە.

وادیارە پێغەمبەر یش لە دواییدا حیسابی بۆ پەتا کردبێت، بۆیە کاتێ وەفدی (ثقیف) هاتن بۆ موبایەعەتی، پیاوێکی گەڕی نەخۆشییان لەگەڵدا بوو، پێغەمبەر ناردی بەدوایدا کە بگەڕێوە ئێمە بەیعەتی تۆمان قبوڵ کرد! ( ثم لما جاء وفد ثقیف لمبایعة النبي، كانَ فِیهم رَجُلٌ مَجْذُومٌ، فأَرْسَلَ إِلَیْهِ النَّبيُّ: "إِنَّا قدْ بَایَعْنَاكَ فارْجِعْ". ئەوەش بەڵگەیە لەسەر دان هێنانی پێغەمبەر بە کاریگەری پەتا وترسی لە گرتنەوەی پەتاکە. هەروەها فەرمویەتی: نەخۆش نەچێت بەلای ساغەوە، ساغیش نەچێت بەلای نەخۆشی درماویەوە! "لا یُورِد ممرضُ علی مُصِحّ، ولا یُورد مصحّ علی ممرض" رواه مسلم.

بەنسبەت هەنگوین ورەشکەش ئەوە من نەمگوتوە کەڵکیان نیە، بەڵکو گومانی تێدا نیە کە سودیشیان هەیە، بەڵام جیاوازی من وئەمسالی زرار بەحرکەیی وزەعیمی مافیاکەی ئەوەیە، ئەوان پێیان وایە ئەو دوو شتە وچەند شتی تریش، تەنها بەسن بۆ عیلاجی هەموو دەردێك، واتە ئەگەر هەنگوین ورەشکەمان هەبێت، کە بەحرکەیی پێی وایە عیلاجی هەموو دەردێکن ئیتر پێویستمان بە هیچ شتی تر نیە، وهەر یەکێکیش بە ئاسانی دەبێتە دکتۆر ووەسفە هەنگوین ورەشکە بۆ خەڵك دەنوسن.

کەوابوو پێویستمان بە هیچی تر نیە، بەحرکەیی لە ژێر کاریگەریی دۆگمای دەق پەرستی ستایشی میزی وشتریش دەکات، هەرچەندە بەڵگەی بە قسەی هیچ زانایەك نەهێناوەتەوە لەسەر گرنگی میزی وشتر! کەچی بەراوردی دەکات بە پیسی کحول کە ئەویش لە دەرمان بەکار دێت!! نازانم کحول لەبەر پیسی بێزێنراوە یان لەبەر ئەوەی مادەیەکی سەرخۆشکەرە؟! کحول هۆی حەرامکردنی لەبەر پیسی نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مادەیەکی سەرخۆشکەرە. ئەگەر وابێت بە دووری نازانین شوشەی پڕ میزی وشتر لە سعودیە بهێنن، بە چل قات بیفرۆشن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیە سەختەکان!

سەیر لەوەدایە بەحرکەیی بەبێ موناسەبە باسی توخمە کیمیاویەکان ودەرمانەکان دەکات، کە دەقاودەق لەو کتێبانە نەقلی دەکات، کە رەواج بەو جۆرە چارەسەرانە دەدەن، منیش دەتوانم سەدان زانیاری وا نەقل کەم بەڵام خۆدەرخستن ئامانج نیە لە باسەکەمان بەڵکو گەڕان بە دوای ڕاستیدا تاکە ئامانجە وخواش ئاگادارە بە نێو دڵان.

**رۆژنامەی ستاندەر ٢٠٠٨/٨/٢٢**

## وەڵامێك بۆ مافیاکەی مەلا عەلی کەرەکێ

## بەشی سێیەم

# خورما وتۆبە!!!

بەڕاستی لەو سەفەرەی ئەو دواییەم بۆ هەولێر، هەستم کرد مەلا وفەریکە مەلا هێندە زۆر بوون لە هەولێر، دەڵێی هەولێر بۆتە قومی موقەدەسەی کوردستان، هەر بۆیەش ماشەڵڵا ئەوانەی وەڵامم دەدەنەوە هێندە زۆر وزەبەندن تا ئەو ڕادەیەی داوای تەوبە کردنم لێدەکەن!!

چونکە دەڵێم نابێت خورما چارەسەری ژەهر وسیحر بکات! لەو مەلایە ناگیرێت کە داوای تۆبەکردنم لێدەکات ئەگەر رۆشنبیرێکی گوایە ئەکادیمی باسی تەکفیرکردنم لەگەڵ بکات.!! بەحرکەیی وئەو تۆبەچییەی داوای تەوبەی لێکردبووم چوونە ولە دەقی ڕاشکاوی حەدیسەکە لایان داوە وباسی ژەهری دەرەوە وناوەوە دەکەن! گوایە خورما چارەسەری ژەهری ناوەوە دەکات کە لە ئەنجامی کرداری خواردن وخواردنەوەی پیس وژینگەوە دروست دەبێت. توخواکەی خۆشتان باوەڕتان بەوەیە کە پێغەمبەر مەبەستی ئەو ژەهراویە ناوەکیە بکات؟!

ئەگەر ئێوە هێندە زانست پەروەرن ئەی بۆ هەموو حەدیسەکان ناخەنە تەرازوی زانستەوە؟! بۆ نمونە ئەو حەدیسەی کە بوخاری وموسلیم دەیگێڕنەوە کە دەڵێت:" " كنت مع النبى فى المسجد عند غروب الشمس ،فقال ياأبا ذر ! أتدرى أين تغرب الشمس ؟،قلت: الله ورسوله أعلم !،قال : فإنها تذهب حتى تسجد تحت العرش فذلك قوله تعالى والشمس تجرى لمستقر لها "

گوایە ئەبو زەر دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر بووم لە مزگەوت لەکاتی خۆر ئاوابوون، پێی گوتم ئەی ئەبو زەر دەزانیت خۆر ئاوای کوێ دەبێت؟ گوتم: خوا وپێغەمبەر زاناترن پێی! دەچێت وتا لە ژێر عەرش کرنۆش دەبات..."

بچوکترین رۆشنبیر دەزانێت کە ئاوابوونی خۆر وهەلاّتنی شەو ورۆژ بەهۆی جوڵەی رۆژ نیە وبەڵکو لە ئەنجامی خولانەوەی خودی زەویە بە دەورەی خۆی! یان ئەو حەدیسەی کە باڵێکی مێش بە دەرد دەزانێت وباڵەکەی تر بە دەرمان، کە هیچ بنەمایەکی زانستی نیە وهەرچەندە چەندین چیرۆکی خەیاڵیان بۆی هەڵبەستوە بەڵکو د. زغلول نەجار ڕەهبەری ئیعجازی عیلمی لە قورئان وسونەتدا ئەو حەدیسە بە ئیعجازێك دەزانێت!!

هەرچەندە دڵنیام کە ئەو حەدیسەی خورمایە، مەبەستی ژەهری دەرەکییە واتە ژەهر دەرخواردانە، چونکە نە پێغەمبەر ونەکەسی تر هیچی دەربارەی ئەو ژەهراوی بوونە ناوەکیە نەدەزانی، بەلاّم بابڵێن ڕاستە ئەوە ژەهری عیلاج کرد، ئەی سیحر چۆن عیلاج دەکات، بەحرکەیی لەو باسە ڕای کردوە، بەلاّم مەلای تۆبەچی هەیئەی ئەمر بالمعروف ونەهی عەن مونکەر دەڵێت: بۆ مەسەلەی سیحریش زیاتر شتێکی مەعنەوییە"

ابن حجر العسقلانی یش ڕەخنە لە قسە بێسەروبەرەکانی ابن القیم  دەگرێت ودوایی دەڵێت : "ئەگەر وامان دانا بۆ ژەهرەکە بەکارە ئەی خورما چیدەکات بۆ سیحر؟!" "وعلى تقديم التسليم في السم فماذا يصنع في السحر؟" فتح الباري: 10/239_240.

**سەیر لەوەدایە بەحرکەیی وتۆبەچی من تاوانبار دەکەن بە قسەکردن لەسەر زانست بە گۆترە، کەچی هەر بەحرکەیی بەو پەڕی ساویلکەییدا، لە نوسینە ڕێکلامەکەی لەسەر مەلا عەلی لە ژمارە (32) دەنوسێت: " لێرەدا ڕاستیەك هەیە زۆرکەس نایزانێ، ئەویش ئەوەیە کە هەموو نەخۆشیەك لە ئایدز وشێرپەنجە وتەلاسیما ودڵ و...هتد، لە ئایینی ئیسلامدا شیفایان دەست دەکەوێ، بۆیە زۆر ئاسایی دژوارترین نەخۆشی بە ئایەتێکی قورئان شیفای بۆ بێت، لەکاتێکدا بە پێی زانستی مرۆیی ئەمڕۆ چارەسەری مەحاڵە"**

**ئەو قسانە لێگەڕێ کە ڕێکلامێکی زەقە بۆ مەلا عەلی کەرەکێ، بەڵام توخوا ئەوەی زەرەیەك ڕێزی عەقڵی خۆیی وخەڵکی لەلا بێت ئەو قسانە دەکات؟! ئەو نەخۆشیانەی ئەو ناوی هێنان ئەگەر چارەسەریان وا ئاسان وسوك با لای بەحرکەیی ومافیاکەی، ئێستا کوردستان سەبقێکی [دەستپێشخەریەکی] زانستی تۆمار کردبوو لە هەموو جیهان ڕوویان تێدەکرد! ئەو ئیدیعایانە لەناو خەڵکە دۆگماتیکەکان زۆرن ئەی عبدالمجید الزندانی یش ئیدیعای دۆزینەوەی چارەسەری ئایدزی نەکرد درۆش دەرچوو؟!**

**پاش ئەوەی چەندین کۆمپانیا داوایان لە زندانی کرد، بە بەرامبەری ملیۆنەها دۆلار ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات بۆ چارەسەری نەخۆشی ئایدز، کەچی الزندانی بە بزە بەناوبانگەکەی بەردەوامە لە ئیدیعاکەی بێ ئەوەی شتێکی عەمەلی بکات، تا ئەو ڕادەیەی دکتۆر صالح القاضی، ڕاوێژکاری پسپۆر لە ئایدز لە نەخۆشخانەی هومورتونی زانکۆی لەندەن، وراوێژکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، گومانی لەو دۆزینەوەی الزندانی کرد، وگوتی چەندین ئیدیعای تری وامان بیستوە لە چارەسەرکردن بە گژوگیا ودوعا ونوێژ وشتی تر بەڵام هیچیان خۆیان لەبەر دەم تاقیکردنەوەی زانستی ڕانەگرت.**

لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی خۆی نیشاندا، بۆ ئەوەی هەماهەنگی بکات لە نێوان زندانی وبالاترین دەزگای زانستی بۆ پاراستنی مافەکانی، بەڵام زندانی هەر بێ دەنگە!

دوا قسەم بۆ ئەو تۆبەچیەیە کە داوای تۆبەکردنی لێکردبوم: من دەمێکە تۆبەم کردوە لە ساویلکەیی وئیمانی پیرەژنانە ودەق پەرستی، دەمێکە تۆبەم کردوە لە فریو خواردن بەو فێلانەی کە بەناوی دین لە خەڵك دەکرێن، دەمێکە تۆبەم کردوە لە غەوغائیەتی دینی بەناوی دینیش، پێویستیشم بە شەهادەی تۆ نیە لەسەر ئیمانداریم، شورەییە ڕەخنە لە هەر بابەتێکی دینی ببێتە بابەتێ بۆ تەشکیك وتەفسیق وتەبدیع وتەکفیر لە ڕەخنە گر. قسەش لەو بابەتە با بەس بێت چاکترە دەنا زۆری ترمان پێیە بیلێین!!

**٢٠٠٨/١٠/٦ ڕۆژنامەی ستاندەر**

# بەرگری سەلەفیەکان لە بازرگانی مەلا عەلی

**لەبابەتێك کە سەلەفیەکی ناودار نوسیویەتی لەسەر ملا علی کەلەك و خواردنەوەی میزو چەند سەرنج و تێبینێك. ئەو کابرایە زۆر بە شێوەیەکی سەیر، کەوتۆتە هەڤدژی وقسەی بێ سەروبەر، نوسینێك سەرەڕای کورتی پڕاوپڕە لە هەڵە وموغالەتات. لەوە دەچێت ئەو سەلەفیە ئیمانی پتەوی سەلەفیەتی کەمێك لاواز بوو بێت، کاتێك چەندین دەقی نەبەوی و سەلەفی ساڵح دەهێنێتەوە، کە دەسەلمێنن میزی مرۆڤ رجس وپیسیە، کەچی بەرگری لە خواردنەوەی دەکات، چونکە ولآتانی پێشکەوتوو دانیان پێداهێناوە! وەك دەڵێت:**

"قَالَ الزُّهْرِيُّ: " لا يَحِلُّ شُرْبُ بَوْلِ النَّاسِ لِشِدَّةٍ تَنْزِلُ، لِأَنَّهُ رِجْسٌ، قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ﴾ {المائدة: 4) وَقَالَ ابْنُ مَسْعُودٍ، فِي السَّكَرِ: «إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَجْعَلْ شِفَاءَكُمْ فِيمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ» **صحيح البخاري (٧ /١١٠( ئیمامی زەهەبی دەفەرمێ حەڵآل نییە خواردنەوەی میز بۆچارەی نەخۆشی لە بەر ئەوەی (ریجسە) عبدالله کوری مەسعود یش دەفەرمێ خوای پەروەردگار شیفای ئێوەی لەوانە دانەناوە کەلێی حەرامکردون." ئەی باشە بەپێی مەنهەجی سەلەف مرۆڤ چۆن بەرگری لە تەرحێك دەکات کە دەیەوێت شتێکی رجس وپیس بکاتە شیفا؟!! ئەوە ڕای سەرتاسەری فیرەق ومەزاهیبی ئیسلامیشە، کەچی ئەو هەموو بەڵگانە ئارامی نابەخشێتە کاك سەرباز ودەچێتە ناو بەڵآم وبڕوبیانوو هێنان.**

**سەیر لەوەیە هەر لەپاش ئەو دەقانە، ئەو سەلەفیە تەنها غەم ونیگەرانی ئەوەیە، مەلا عەلی ئەو کارە ڤێزەونە بەناوی طبي نبوي بکات! دەبێت بە ناوی زانست بیکات!لای ئەو سەلەفیە پێشکەوتووە گرنگ نییە مەلا عەلی درۆیەکی هەلبەستوە، بە زمانی پیغەمبەر، گوایە وتویەتی میزی حوشتر ومیزی مرۆڤێیشی بە دەرمان داناوە! مەلا عەلی ودوو حدیسی بە بەرچاومانەوە دروست دەکات دەڵێت :پێغەمبەر وتویەتی: بول الابل شفاء لكل مرض!!! حدیسی وانیە هەتا لە موضوعاتیش !!**

**دەڵێت: پێغەمبەر وتویەتی: بول الابل شفاء لكل داء الا الموت !! ئەوەشی لەسەر قیاسی حبە السوداء دروستی کردوە!!**

**لە پێناو میزخواردنەوە، دەیان فەرمودەی بوخاری ومسلم وقسەی سەدان فەقیهـ و قسەی زوهری وابن مسعود وزەهەبی پێشێل دەکات، کە میزیان پێ پیس ورجسە، لەجیاتی بەسکردن بەو هەموو بەڵگانە، کە بەڵگەی دەق بۆ سەلەفی وەك ئاوە بۆ ماسی، وفەرمودەیەکی زەعیفیش، بە هەموو عەقڵی فەیلەسوفانی جیهان ناگۆڕنەوە، کەچی دێت زۆر ناشیانە، دەکەوێتە داوی فیلمەکانی یوتیوب ودەڵێت گوایە "هیچ گومان لەوەدانیە ئەلمانیا دەولەتێکی پێشکەوتوە لە هەموو بوارەکان، بەلام شتێك هەیە لایان پێی دەڵێن) (Urin_Therapie) چارە بەمیز) هەروەها کتێبێکیش هەیە بەو ناوەو دەفرۆشرێ و نوسەرەکەی باس لە کاریگەری (میزخواردنەوە) دەکات بۆ چارە سەر، خەڵکێك هەیە تاوەکو ئێستا دەیخۆنەوە".**

**جارێ مەسەلەی خواردنەوەی میز لە پزیشکایەتی زانستی نیە، تەنها لە طبی بدیلە alternative medicine دا هاتوە وڕەگی هەیە لە چەند کلتور وئاییینیکی گەلان وەك هیندۆسی، بەڵام بە پێی پێنج سەرچاوەی زانستی هیچ بەڵگەیەکی زانستی نیە لەسەر بەکارهێنانی میزی چارەسەرنەکراو untreated urine ! واتە وەك مەلا عەلی لە میزڵدانەوە بۆ ناو دەم! میزی چارەسەرنەکراو، ئەو میزە خاوەیە کە لە مرۆڤ دەرهاتوە، وهیچ پرۆسێسێکی زانستی پاك کردنەوەی بەسەردا نەکراوە.**

**میزی چارەسەرکراو، واتە پاك کراوە وتعقیمکراو لە هەندێك بەرهەم بەکاردێت وەك میزی ژنی سکپڕ کە ڕادەی هۆرمۆنی ئیسترۆجین لە میزی زۆرە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو هۆرمۆنە گرنگە بەکار دەهێنرێت .**

کاکی سەلەفی زۆر نارەحەتە چونکە هەلیان کوتاوەتە سەر مەلا عەلی کەلەك ودەشڵێت مەسەلەی میزخواردنەوە :" ئەو قسانەی (مەلا علی کەلەك) هەلقولاوی هیچ مەدرەسەو قوتابخانەیەکی ئاینی نیە و هەروەها نیشانەی (تەخەلوف و دوا کەوتنیش) نیە لەبەر ئەوەی میز خواردنەوە نەك ملا علی بەلکو زۆرێك لە گەلانی ئەوروپی هەر لەکۆنەوە تاوەکو ئیستا باسیان کردوەو باسی دەکەن و وەکو دەرمان بەکاریان هێناوە و بەکاری دەهێنن". "ئەوەی مەبەستمە ئەو بابەتە تەنها لەکۆمەلگای کوردەواری ئیمەو تەنها لەلای (ملا علی کەلەك) باسی لێوە ناکرێ بەلکو لەدەولەتە زۆر پێشکەوتوەکانی ئەوروپاش باسی لێوەدەکرێ".

باشە هەی بلیمەت شینەکەی تۆ بۆچیە تیناگەین، دەیان دەق دەهێنیتەوە کە میز رجسە وپۆخڵە، لای ئێوە هەموو برایەتیەك لەگەڵ مەزاهیبی تر بە قوربانی دەقێك دەکەن، کەچی هاتووی وا بە هەق وناهەق، بەرگری لەو کارە قێزەونەی مەلا عەلی دەکەیت، ئەگەر خەمی خەڵکت نیە کە نیشتانە، هەرنەبێ خەمی ئەو دەقانەت بێت کە کەسێك پێشێلی دەکات وبەناوی طبي نبوي بازرگانی پێوە دەکات!.

باشە لە خۆت نەپرسیوە مەلا عەلی چۆن ئەو میزانە بەکار دەهێنێت؟! وەك ئەڵمانیا وتاقیگە زانستیەکان چارەسەر دەکات یان وەك خۆی باسی دەکات لە میزڵدان وبۆ هەڵقوڕاندن؟! نازانی هەزارەها میکرۆب وئەمیبای پیس لە بۆڕی میزدایە وئەو میزە چ مەترسیەکە بۆ تەندروستی ئەگەر بەو ڕێگایە سەرەتاییەی مەلا عەلی بەکار بێت؟!

دوایێ کاکی سەلەفی گۆشتی بەرازیش، کە رجسە، لە ئەڵمانیا دەخورێت کە وڵاتێکی پیشکەوتوە، لای تۆ ئێستا کیشەی نەماوە چونکە ئەوروپا لای رجس نییە؟! من هەست دەکەم لە ناخیدا بەرگری لە میزێکی تر دەکات، کە بە پێی حەدیس چارەسەرە! ئەویش میزی حوشترە، بۆیەش لە دوورەوە بەرگری لە میزی مرۆڤی پیس ورجس دەکات، وەك ئامادەییەك بۆ برەوپێدانی میزی حوشتر، چونکە خەڵك هەرخەریکی داهێنانن، دەست وپەلی دەستکرد دروست دەکەن، کە بە مێشك کاردەکات، دەرزی دروست دەکەن نیوسەعات ئۆکسجین دەداتە مرۆڤ، وکامێرای

**چاو دروست دەکەن لەگەڵ دەمارەکانی مێشك دەیبەستنەوە! ئێمەی موسڵمانیش ئیبتیلا بووین بە مەلا عەلی، وسەلەفیەکانی سعودیە وعەرەب بەگشتی، وکۆپیکەرانی وەك مەلا عەلی و سەلەفیەکانیتر، کە لەباسی رەشکە وهەنگوین ومیزی حوشتر زیاتر هیچ نازانن. سەیر لەوەدایە شێخە سەلەفیە گەورەکان کە نەخۆش دەکەون هەموو بەرەو خۆرئاوا ڕادەکەن بۆ چارەسەر، طبي بەناو نەبەویش، بەس بۆ هەژار وغەریب حاڵەکانە!.**

**٢٠١٤/١/١**

# ئایە جنۆکە بەس دەچێتە لەشی فەقیرحاڵ و موغەفەلەکان

شیخ علي بن مشرف العمري یەکێکە لە گەورەترین شێخی تایبەت و پسپۆر لە -زانستی!!- دەرکردنی جنۆکە لە سعودیە و قوتابی بن بازە، زیاتر لە بیست ساڵ بەس خەریکی دەرکردنی جنۆکە بووە لە لەشی فەقیرحاڵەکان! پاش ئەو تەمەنە درێژە تۆبەی کرد لەو پیشەیە فریودەرەی خەڵکی ئاسایی، و لە ڤیدیۆیەکدا[1] دەڵێت:

" ئەوەی دەگووترێت لەو بابەتە هیچ بەڵگەیەکی دینی قورئانی و سونەی لەسەر نییە، تەنها فریودانی خەڵکە، لە هەمووی خۆشتر دەڵێت: بەڵگەی سەرەکی لەسەر درۆیی ئەو شتە ئەوەیە، ئەگەر نەخۆشیەك بۆ نمونە وەك شەکرە هەبێت، دەبینین زۆر بڵاوە خەڵکی هەمووی لە جۆرەها چین وتوێژ تووشی دەبن، بە زانا و نەزان ودەوڵەمەند وهەژار ونێر ومێ و گەورەو بچووك، کەوابوو سوکەری وشەکرە ڕاستە، بەڵام جنۆکە چوونە جەستەی مرۆڤ، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانەی کە کارم چارەسەری دەرکردنی جنۆکە بوو، تەنها دەچووە لەشی دەبەنگ و گێل و فەقیرحاڵەکان!

ڕۆژێك نەمدیت بچێتە جەستەی زانایەك یان دکتۆرێك یان عەلمانیەك کە باوەری بە دینیش نەبێت!! سبحان الله تەنها دەچێتە جەستەی دەبەنگان؟! دەڵێت ژنێك هاتە لام ٢٠ ساڵ فریویان دابوو بەوەی کە جنۆکە چۆتە لەشی و تووشی مەس هاتوە! دەڵێت: پێمگووت: تۆ چووزانی مەست هەیە؟ دەڵیت گووتی کە قورئانم لەسەر دەخوێنن یەکسەر تووشی سەرع و هاوارکردن دەبم و جنۆکە لەسەر زمانم قسە دەکات! ئەگەر باوەر ناکەیت قورئانم لەسەر بخوێنە!

[1] https://www.youtube.com/watch?v=3ON0SB0kGpw

دەڵێ شیعرێکی عەرەبیم لەسەر خوێند یەکسەر تووشی هات وهاوار بوو! دەڵێ گووتم: دایە ئەوە شیعر بوو، قورئان نەبوو!!! گووتی: توخوا بە ڕاستیتە، خودا ئەو دەجالانە بگرێت کە منیان فریودا بوو! دەڵێت یەکسەر جارێکی تر قورئانم لەسەر خوێند هەر هیچ کێشەی نەما، و هەر لەوێ چاك بووەوە و عەیبی تێدا نەما !"

دەجال و قوڵبڕەکانی وەك مەلا علی و شێخ لوقمان و حاجی لێزەر -هەههەه- ئەمڕۆ هەزاران کەسی فەقیرحاڵ و نەخوێندەواریان فریوداوە بە ناوی جنۆکە و قسەی قۆڕ، کە بەس بەو جۆرە خەڵکە فەقیرحاڵانە دەوێرێت، لە جیاتی کۆمەڵگا یارمەتیان بدات بۆ چاکبوونەوە لەسەر شێوازێکی زانستی وجوان، لە جیاتی ئەوە، لەبەر نەزانیان بە دەستی خۆیان دەیانبەنە لای ئەو دەجال وجادووکەرانە تا زیاتر شێتیان کەن!

ئەو خەڵکە فەقیرحاڵەی تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت بە شێوازی ئیحاء، چرپاندنە دڵ وەك لە سایکۆلۆژیا باسی دەکرێت، قەناعەتیان پێ دەهێنن کە جنۆکە چۆتە لەشیان، کە باوەڕیان کرد، تازە زۆر قورسە بتوانیت قەناعەتی پی بهێنیت کە ئەو شتە ڕاست نیە، زۆربەی ئەوانەی ئەو پیاوە چارەسەری کردوون ئێستا جوێنی پێ دەدەن دەڵێن درۆ دەکات ئیتیفاقی کردوە لەگەڵ پاشای جنۆکەکان (!)هیچیتر ئەزیەتیان نەدات، ئەوانیش هیچیتر ئەزیەتی مناڵەکانی نادەن یەعنی توازن الرعب و حرب الباردة یە لە نێوان ئەو شێخە وجنۆکەکان هەیە!!

گەورەترین بەڵگەی ئەو دەجالانە ئەو ئایەتەیە کە دەڵێت : "الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لا يَقُومُونَ إِلاَّ كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ .... [البقرة : 275] "ئەوانەی سوو دەخۆن، هە ڵسوکەوت ناکەن و ڕاست نابنەوە (لە گۆڕدا) مەگەر وەك ئەو کەسەی کە شەیتان دەستی لێوەشاندبێت (هەر لە دنیادا سروشتی نین، لە قیامەتیشدا وەك شێت دە بن).

بێگومان موفەسەریکان عادەتێکی زۆر خراپیان هەیە، کە ئەویش کۆپی پێست کردنی بیرورِای موفەسیرانی پێش خۆیانە، بێ بیرکردنەوە لە لێکدانەوەیەکی تایبەت بەخۆیان لە زۆربەی تەفسیرەکان ئەو دیاردەیە باوە!

ئیمامی الرازي دەڵێت: "التخبط مانای لێدانی ڕەمەکیە، بەو پیاوەی کە کارێکی دێتە پیش و نازانیت چی بکات دەڵێن: بەڕەمەکی ڕەفتار دەکات [إنه يخبط خبط عشواء]، شەیتان خەبتی دەکات، ئەگەر دەستی لێوەشاند بۆ شێت کردنی، کە وەك لێدانیکی ڕەمەکییە سەرسوڕهێنەرە "!التخبط معناه الضرب على غير استواء، ويقال للرجل الذي يتصرف في أمرٍ ولا يهتدي فيه: إنه يخبط خبط عشواء، .. وتخبطه الشيطان: إذا مسّه بخبل أو جنون، لأنه كالضرب على غير الاستواء في الإدهاش."

لە مەسەلەی دەست لێدان و دەست لێوەشاندیش [مس] ئەو کارە دەکەن و زۆربەیان ئەو دەست لێوەشاندنە دەسەلمنە دەسەلمێنن لە دووبارەکردنەوەی رای پێشووی خۆیان، لە کۆتایشدا دەڵێن ئەوە ئیجماعی موفەسیرینی لەسەرە! بەڕای ئیمە ئەو تەفسیر کردنە راست نییە و ئەسڵ و ئەساسی نییە، لەبەر چەندین هۆ: لە قورئاندا دەربارەی شەیتان دا هاتووە کە بە خەڵك دەڵیت: ﴿وَمَا كانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِّن سلطان إِلاَّ أن دَعَوْتُكُمْ فاستجبتم لِي﴾ (إبراهيم 22)

شەیتان دێتە قسە و بە پەیڕەوانی دەڵێت: وەنەبێت من هیچ زۆرو دەسەلاتێکم بەسەر ئێوەدا هەبووبێت، جگە لەوەی (بەوەسوە سەوخەتەرەو خەیاڵ) بانگم کردن ئێوەش بەدەممەوە هاتن و بەقسەتان کردم،... کەوابوو هیج دەسەلاتیکی نییە بەسەر خەڵك، چ جای بجێتە لاشەیانەوە، و کاری خراپشیان پی بکات"! بە ڕاشکاوی لەو ئایەتە هاتووە کە شەیتان توانای لێدان وفێکردن و ئەزیەتدانی کەسی نییە.

**هەروەها لە ئایەتێکیتر هاتووە: (إِنَّ الذين اتقوا إِذَا مَسَّهُمْ طَئِفُ مِّنَ الشيطان تذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ) (الأعراف : 201 ) "**

**"بەڕاستی ئەوانەی کە پارێزکار و تەقوادار بوون، کاتێك خەتەرەو خەیاڵێك لەلایەن شەیتانەوە تووشیان بێت، ئەوە خێرا بێدار دەبنەوە و خوای خۆیان بیر دەکەوێتەوە و هۆشیار دەبنەوە، ئیتر دەستبەجێ بینا دەبن و بەرچاویان ڕوون دەبێت"**

**یانی مەسەکە تەنها تەشبیهیکە لە حاڵی ئەو کەسەی لەرەلەر و کێشمەکێشیەتی لە نیوان خاتیرە و وەسوەسەی شەیتان و بانگی ویژدانی و ئیمانی. ئەگەر شەیتان توانای لێدانی مرۆڤی هەبوایە دەیتوانی هەموو موسڵمانان بکوژێت، و هەموویان لەناو خوێنی خۆیان بگەوزێنێت، پارەو سامانیان لێ بفەوتێنێت، عەقڵیان لێ تێك بدات، هەرچەندە تێکیش چووە بەڵام بە دەستی خودی ئینسانەکانە-مزگەوتەکانیان بۆ لێ نارِوخێنێت، ئەگەر گەورەترین دوژمنی موسڵمانانە؟! ئەوە هەرگیز لەگەڵ عەدالەتی خوادا ناگونجێت شەیتان زاڵ بکات بە کەیف خۆی لەم ولەو بدات!**

**ڕاستیەکەی نمونە هێنانەوەی قورئان بۆ سووخۆران بە کەسێك کە وەك فێی گرتوو هەڵدەپەریت لەبەر مەس ودەسلێوەشاندنی شەیتان، مانای هەقیقەتی ئەو زانیاریاە نییە، بەڵکو قورئان موجاراتی عەقڵیەتی عەرەبی دەکات نەك بۆ سەلماندنی بیروڕایان لەبارەی کەسی فێ گرتوو و شێت، بەڵکو بۆ زانینی گەورەیی تاوانی سووخواردن، و کە چۆن ڕۆژی قیامەت لە کاتی زیندووکردنەوەی وەك فێدار و شێت هەڵدەستێتەوە!!**

**خاوەنی تەفسیری المنار، شێخ محمد رشید رضا تەفسیرێکی نزیك لەو چەمکەی کردوە کە دەڵێت : "ثم إن التشبيه مبني على أن المصروع الذي يعبر عنه بالممسوس يتخبطه الشيطان ، أي أنه يصرع بمس الشيطان له وهو ما كان معروفا عند العرب وجاريا في كلامهم مجرى المثل .**

**" لێکچواندنەکە لەسەر ئەوە بنیاتنراوە، کە فێدارەکە، کە بە مەسلێدراو گوزارشی لێ دەکرێ، شەیتان لێی دەدا، واتە فێکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەست لێوەشاندنی شەیتان، ئەو بیرۆکەیەش واباو بوو لەناو عەرەب و لە ئاخاوتندا وەك پەندێك بەکاریان دەیهێنا"**

**"ئەو تەشبیهە لەسەر بنچینەی ئەوە کراوە کە فێدارەکە، کە پێی دەڵێن مەسکراوە شەیتان دەستی لیوەدەشێنێت ولێی دەدات، یانی لەبەر مەسی شەیتان فێی گرتووە، ئەوە بیروباوەڕێکی باو بوو لەلای عەرەب، لە کاتی قسەدا وەك پەند و نمونە دەیانهێنایەوە."**

**قال البيضاوي في التشبيه : " وهو وارد على ما يزعمون أن الشيطان يخبط الإنسان فيصرع ، وقد ثبت عند أطباء هذا العصر أن الصرع من الأمراض العصبية التي تعالج كأمثالها بالعقاقير وغيرها من طرق العلاج الحديثة"**

**البيضاوي لەو تەشبیهەدا دەڵێت؛ " ئەوە هاتووە لەبارەی ئەو زەعمەی [داوایەی] کە شەیتان دەست لە مرۆڤ دەوەشێنێت وخەبتی دەکات و تووشی فێی دەکات" ئایەتەکە نا یسەلمێنێت کە ئەو فێ یەی تووشی ئادەمیزاد دەبێت لە هەقیقتدا بە کاری شەیتانەوە تووشی دەبیت ، وهەروەها ڕەتیشی ناکاتەوە!...لەلایەن پزیشکانی ئەو سەردەمە سەلمێندراوە کە فێ لە نەخۆشیە دەماریەکانە، وەك نە خۆشیەکانی تر بە داو دەرمان چارەسەر دەکرێت و بە ڕێگای چارەسەری تری سەردەم."**

**هیوادارم ئەو وتارە ببیتە هۆکارێك بۆ هەڵسوکەوتێکی زانستی و سەردەمیانە لەگەڵ هەر کەسێکی تووش بوو بە نە خۆشیە عەقڵیەکان، و هیچیتر نەیانکەنە نیچیری دەجالەکان.**

| ز | بابــەتــەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | پێشەکی | 3 |
| 2 | پێشەکیەك دەربارەی ئەوەی ناویان ناوە (طب النبوی) | 6 |
| 3 | پێغەمبەر چارەسەرەکان لە مرۆڤەکانەوە فێربووە نەك وەحی! | 10 |
| 4 | پێغەمبەر خۆی خەڵکی دەنارده لای پزیشکی بێ باوەڕیش! | 11 |
| 5 | پێغەمبەر پزیشك نەبوو | 13 |
| 6 | کاردانەوە خراپەکان گەر توبی نەبەوی ڕاست دەرنەچووی؟! | 14 |
| 7 | توبی نەبەوی یان توبی ئادەمی؟! | 16 |
| 8 | ئیبن خەلدون دەڵێ پزیشکایەتی بەناو نەبەوی لە وەحیەوە نییە! | 18 |
| 9 | لە بەرەکاتەکانی مەلا عەلی وەسفەیەك بۆ مەرگ!! | 19 |
| 10 | پزیشکی پێغەمبەرایەتی لە نێوان وەهم وهەقیقەتدا سێ بەش | 22 |
| 11 | کارەکە لە حیجامە وحیجامەچی گەورەترە | 35 |
| 12 | وەڵامێك بۆ مافیاکەی مەلا عەلی کەرەکێ  سێ بەش | 41 |
| 13 | بەرگری سەلەفیەکان لە بازرگانی مەلا عەلی | 53 |
| 14 | ئایە جنۆکە بەس دەچێتە لەشی فەقیرحاڵ و موغەفەلەکان | 57 |

A Series of Cultural
& Intellectual Dossiers
Dossier Number: (4)

# Dossier of:

# The Prophetic Medicine & Mala Ali Kalak

Written by:
Mohammed Hariri



لەو وتارانە بۆتان ڕوون دەبێتەوە، من زۆر زوو هەستم بە مەترسی ئەو خوڕافاتە کرد، کە بە ناوی پزیشکی پێغەمبەرایەتی بڵاویدەکەنەوە. هەر زووش خەڵکم لێ ئاگادار کردەوە، بەڵام لەبەر زاڵبوونی سۆزی کوێرانەی دینی ونەبوونی ڕێکاری حکومی وهوشیاری تەندروستی، ئەو دیاردەیە پەرەی سەند و دەیان مەلا عەلی لە سەرتاسەری کوردستان دروست بوون، بە ناوی دین خەڵک ڕووتدەکەنەوە. مەلا عەلی کەڵەک دیارترین و زەقترین بازرگانی ئەو بوارەیە بۆیە بە تایبەتی لەسەر ئەو دەوەستین، ئەگینا سەدان مەلا عەلی تر دروست بوون لە چوارچێوەی کوردستان لە غیابی قانون و هۆشیاریدا.

ئەو پیاوە چەند تێی ڕادەمینێم کاسبکارێکی زۆر چاک و وریایە، لە هەر بەرنامەیەک داوەت دەکرێت سێ چارەگی وەختی بەرنامە بە سوێند خواردن و قورئان خوێندن بە ئاواز و تەجوید وتلاوە، و شان ماچکردن و بەقوربانی چاوە ڕەش و زەردەکانت بم، وبەرگری لە خۆکردن دەکوژێت.. میکانیزمی زۆر سەیر بەکار دەهێنێت بینەرێکی ساویلکەی زۆر دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی.

گوێی لێ بگرن بزانن هیچ میدیایەکی موحتەرەم هەیە شێتێکی وا خوڕافاتچی بێننە ناو خەڵک؟!

ئەوە چ شێتخانەیەکە ئەو مەلایە نەخۆشە چارەسەری خەڵکە نەخۆشەکە بکات؟! وادیارە میزی حوشتر مرۆڤ تووشی ئەنفلەوەنزای حوشتر دەکات . کێشەکە ئەوەیە هەموو کەرتەکانی ژیانی کوردستانی باشوور پڕ لە ئاشوب و کێشەیە، مەلا عەلی کەڵەکیش بەشێکە لەو وەزعە گەندەڵە گشتیە.



First Edition:
November 2018

Design: hadi hunar